# شێوازی پەروەردەی خێزانی و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی (توێژینەوەیکی مەیدانییە لە شاری ڕانیە)

**ID No. 372**

(PP 64 - 89)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.1

**داستان عمر محمود** **جوان اسماعیل احمد بکر خوشناو**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

dastan.omer@uor.edu.krdq Jwan.bakr@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/20**

**پەسندکردن : 2022/08/22**

**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

شێوازە پەوەردەییەکانی خێـزان یەکێـك لەو بابەتـانەی، کە کـاریگەریی و لێکەوتەکـانی بەزووی بە دەرناکەوێـت. واتە ئەو شـێوازەی پەروەردەیـیەی دایبـابی لەبەرامـبەر منـداڵەکانی دەیگـرێتە بەر، کـاریگەریەکەی بەزووی لە منـداڵ دەرنەکەوێـت، بەڵام لە تەمەنـی هەرزەکـاری، یـاخود گەنجـی کـاریگەر و لێکەوتەکـانی دەرکەوێـت. چـونکە بە شـێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاسـتوخۆ شـێوازە پەروەردەییەکـانی خێـزان شـێوەکانی ڕەفتـاری تـاك دیـاری دەکـات. لەوانەش شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە، بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی بە شێوەکانی ڕەفتاری شـەڕانگێزی. هەروەهـا تـوێژەر بە مەبەستی شیکردنەوەی ئامانجەکانی سوودی لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگرتووە، بۆ ئەو مەبەستەش فۆڕمێکی ئامـادەکردووە، کە لە پێـوەری شـێوازەکانی پەروەردەی خێزانی کە لە (38) برگە و پێوەری ڕەفتـاری شـەڕانگێزیش لە (26) بـرگە پێکهـاتبوو. هاوکـات بە شـێوەی هەڕەمەکـی چینـایەتی نمـوونەیەکی ( 400) قوتابی لە قوتابیـانی قۆنـاغی ئامادەییەکـانی شـاری ڕانیە هەڵبژێـردراوە، کە (212) ڕەگەزی مـێن و (188) ڕەگەزی نێـرن. تـوێژەر سـوودی لە هەردوو پرۆگرامـی ئاماری(SPSS) و (AMOS) وەرگرتووە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، بـرتییە لە: ڕەگەزی مـێ زیـاتر شـێوازی پەروەردەی (دیموکراسی و زێـدەپارێزی - نازپێـدانی" بەرامبەر پەیڕەو کراوە. لە کاتێکدا ڕەگەزی نێر زیاتر شـێوازەکانی (سـەپێنەر، جیاکـاری، پشتگوێخسـتن، سـزای جەسـتەیی) لەبەرامـبەر پەیـڕەو کـراوە. هەروەهـا ڕەفتـاری شـەڕانگێزی ( جەسـتەیی، زارەکـی) زیـاتر لە لای ڕەگەزی نێـر بە بەراورد بە ڕەگەزی مـێ دەرکەوتـووە. بەڵام ئەم جیـاوازییە سـەبارەت بە ڕەفتـاری شەڕانگێزی ( ڕووەوخود) بوونی نییە. هەریەکە لە شێوازەکانی (سەپێنەر و جیاکاری) بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوانە بـوونەتە هـۆی دەرکەوتنـی ڕەفتـاری شـەڕانگێزی (ڕووەوخود) . لە کاتێکدا شێوازی پەرورەدەی(سزادانی جەستەیی) بە شێوەیەکی ڕاستەوانە بۆتەهۆی دەرکەوتنی ڕەفتار شەڕانگێزی زارەکـی. هەروەهـا گـۆڕاوی ڕەگەز گۆڕانکـاری لە پەیوەنـدی (گـۆڕاوی سـەربەخۆ بە گـۆڕاوی پاشـکۆ) کـردووە. بە جۆرێـك شـێوازی پەروەردەی (سـەپێنەر)بۆتە هـۆی دەرکەوتنـی ڕەفتـاری شەڕانگێزی زارەکی لای ڕەگەزی نێر، بەڵام لای ڕەگەزی مێ دەرنەکەوتووە. هەروەها شێوازەکانی(جیاکاری، سزادانی جەستەیی)لای ڕەگەزی نێـر بـوونەتە هـۆی دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی جەستەیی، بەڵام لای ڕەگەزی مێ ئەم کاریگەرییە دەرنەکەوتووە.

**وشە کلیلیەکان:** پەروەردەی خێزانی، ڕەفتار، شەڕانگێزی، قوتابیانی ئامادەیی.

## پێشەکی

خێزان یەکەم قوتابخانەی کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵ و یەکەم هۆکاریشە، کە منداڵ بە ڕەنگێکی کۆمەڵایەتی ڕەنگ دەکـات. هاوکات خێزان بەرپرسیارە لە ڕەفتاری تاك، جا ئەو ڕەفتارەی تاك ئـەنجامی دەدات، ئـەرێنی یـاخود نـەرێنی بێـت. بـەو پێیـەی تـاك لەمیانی خێزانەوە پەروەردە دەکرێت و فێری ئاراستە و ڕەفتار و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبێت؛ بۆیە یـەکێك لـە ئەرکـە گرنگەکانی خێزان بریتییە لە پەروەردەکردنی ئەندامەکانی بە شێوەیەکی تەندروست, چونکە ئەو شێوازە پەروەردەییەی، کە خێزان لە

بەرامبەر ئەندامەکانی بەکاریدەهێنت، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ڕەفتاری و کەسایەتی تاك دەبێت، بە جۆرێك ئەگەر شێوازی پەروەردەکردن، یاخود مامەڵەی (دایبابی)، لەگەڵ منداڵەکانی ئاسایی و دروست نەبوو، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەفتار و کەسایەتی تاك لە داهاتوودا دروستدەکات. شێوازەکانی پەروەردەی خێزانیش چەند جۆرێکن، لەوانە(دیموکراسی، سەپێنەر، پشتگوێخستن...) هەریەکێك لەمانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ڕەفتاری تاك هەیە.

لەم سۆنگەیەوە شێوازی پەروەردە و مامەڵەی خێزان بە گرنگترین فاکتەر دادەنرێت، کە کاردەکاتە سەر گونجانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لای تاك، لەوانەش دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی، یان دەرنەکەوتنی. ڕەفتاری شەڕانگێزیش بۆ دوو بەش دابەش دەبێت: شەڕانگێزی ڕووە و خود بە ئامانجی ئازاردانی خۆی و زیانگەیاندن بە کەلوپەلەکانی خۆی، یاخود شەڕانگێزی بەڕووی خەڵکانی تر، وەك دەستدرێژی کردن و زیانگەیاند بە کەلوپەلی کەسانی تر, هەروەها ڕەفتاری شەڕانگێزی بە شێوەی جەستەی و زارەکی ئەنجام دەدرێت، شێوەی جەستەی، وەك شەڕکردن و برینداركردن و زیانگەیاندن بە کەلوپەلەکانی دەوربەری، شێوەی زارەکی وەك قسەی نەشیاو و توڕەبوونی توند بەرامبەر کەسانی دەوروبەری.

**1. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**1.1. گرفتی توێژینەوەکە**

خێزان یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە، کە مرۆڤ سەرەتا لە میانی خێزانەوە پەروەردە دەکرێت و فێری بەهاو داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، توێژینەوە و ئەزموونەکان دەریانخستووە، کە ساڵەکانی یەکەم لە ژیانی تاکدا کاریگەری گەورەیان لە پێکهێنانی کەسایەتی و ڕەفتار و ئاڕاستەکانی هەیە. بۆیە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان پەروەردەکردنە، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە فراوان و خێرایانەی، کە دووچاری کۆمەڵگە بوونەتەوە، هاوکات بوونی چەندین دامەزراوەی تر، کە ڕۆڵیان لە پەروەردەکردندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خێزان ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لە بەرامبەر پەروەردەکردنی ئەندامەکانیدا لەدەست نەداوە.

ڕەفتاری شەڕانگێزیش لەو دیاردانەیە، کە بۆتە جێگەی گرنگی پێدانی زۆرێك لە توێژەر و زانایان، هەروەها تێڕوانین و ئاڕاستەکان لەسەر شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕەفتاری شەڕانگێزی زۆرن، ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین تیۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە لێکدانەوە و شرۆڤە بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزی دەکەن. بە جۆرێك هەندێك لە پسپۆران و شارەزایانی بواری پەروەردە و کۆمەڵناسی و دەروونزانی، هۆکاری ڕەفتاری شەڕانگێزی بۆ شێوازی پەروەردەی خێزان و لاسایکردنەوەی ڕەفتاری دایبابی و دەوروبەریان دەگێرنەوە. بۆیە لەمیانی تێبینیکردنی توێژەر بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزی لای قوتابیان و دروست بوونی چەندین گرفت لە قوتابخانەکان، هەروەها دروست بوونی دیدگایەکی کۆمەڵناسانەی توێژەر لەسەر شێوازەکانی پەروەردەی خێزان لە ئێستادا و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك، ئەم گرفتەش وای لە توێژەر کرد، کە هەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بە ناونیشانی(**شێوازی پەروەردەی خێزان و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری ڕانیەدا)**.بە شێوەیەکی سەرەکی گرفتی توێژینەوەکە ئەم پرسیارانە لە خۆ دەگرێت:

أ. ئایا شێوازی پەروەردەی خێزان پەیوەندی بە ڕەفتاریی شەڕانگێزیەوە هەیە؟ ب. ئایا گۆڕاوی دیمۆگرافی" ڕەگەز " جیاوازی لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دروست دەکات؟

**2.1. ئامانجی توێژینەوەکــە**

أ. پێوانەکردنی ئاستی شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی لای بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە.

ب. پێوانەکردنی ئاستی شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە .

ج. زانینی کاریگەریی گۆڕاوی " ڕەگەز " لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

ج. دیارکردنی پەیوەندی شێوازەکانی پەروەردی خێزانی بە ڕەفتاریی شەڕانگێزی لای بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە.

**3.1. گرنگی توێژینەوەکە**

هەموو توێژینەوەیەك، دەکرێت بایەخ و گرنگی خۆی هەبێت، بە تایبەت لـە سـنووری بابەتەکـەی خۆیـدا، بـەو پێیـەی ئـەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە بواری پـەروەردەی خێزانی، کە بابـەتێکی سـەردەمی و گرنگـە، چونکـە تـەنها پەیوەسـتە نییـە بـە کـاتێکی دیاریکراو، یاخود دیاردەیەکی کاتی، بەڵکو لە هەموو کاتێکدا پێویستییەکی بەردەوامی ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگەیە؛ بۆیە ئەگەر بێت و کار بە ئەنجامی ئەم توێژینەوە و توێژینەوە هاوشێوەکان لە لایەن یەکـەکانی کۆمەڵگـە و دامو دەزگـا فـەرمی و نافـەرمی و پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە بکرێت، کە پەیوەستن بە بواری پـەروەردە، ئەمـەش دەبێـتە بنچینەیـەکی بـاش و گرنـگ، بـۆ چۆنییـەتی مامەڵەکردنێکی تەندروست، یاخود پەیڕەوکردنی شێوازێکی پـەروەردەی دروسـت، ئەمـەش بـە ئامـانجی گـۆڕینی ڕەفـتار و ئاڕاسـتە نەرێنییەکانی تاك بۆ ڕەفتار و ئاڕاستەی ئەرێنی.

**2. دیارکردن و ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**1.2.پــەروەردە"التربیة" Education**

چەمکی پەروەردە، یەکێکە لەو چەمکانەی، کە زۆرێك لە فەیلەسوف و دەروونزان و کۆمەڵناس و پەروەردەکاران پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە. ئەمەش لەلایەك بۆ خودی چەمکی پەروەردە دەگەڕێتەوە. بەو پێیـەی پـەروەردە چـەمکێکی ئـاڵۆزە. لەلایـەکی تریشەوە بۆ جیاوازی بیرو بۆچوونی ئەو قوتابخانە و ئاڕاستە هزریانەی، کە دەڕوانە چەمکی پەروەردە دەگەڕێتەوە. هەروەها بـەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی هزری مرۆڤایەتی تێڕوانینەکان بۆ چەمکی پەروەردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

"ئەفلاتۆن "دەڵێت:"پەروەردە بریتییە لە، بەخشـینی هـەرچی هەیـە، لـە تـەواوبوون"کمال" و جـوانی"جمال" بـە لـەش و جەسـتە"(التمیمي، 2012، ص64). لەکاتێکـدا "ئەرسـتۆ "ی، خوێنـدکاری چـەمکی پـەروەردە بـە ژیـری و ئاسـتی هۆشـمەندەی تـاك دەبەستێتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:" پەروەردە ئامادەکردنی هۆش و ژیرییە بۆ فێربوون"(Sinclair, 2014, p.17).

کۆمەڵناسی فەڕەنسی "ئەمیل دۆرکهایم" تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ چەمکی پەروەردە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت: "پـەروەردە ئـەو کردار و کارتێکردنەیە، کە نەوە پێگەشتووەکان لەسـەر ئـەو کەسـانە پـەیڕەوی دەکـەن، کـە هێشـتا بـۆ ژیـانی کۆمەڵایـەتی گەشـەیان نەکردووە، بۆ ئەوەی توانا فیزیکی و ئەقڵیان گەشە بکات و بنەما ئاکاری و ڕەفتارییەکان لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن، بەو شێوەییەی کۆمەڵگـە داوای دەکات"(لمـدرب، 2017، ص189). زانـای ئـەمریکی "جـۆن دیـوی" دەربـارەی پەروەردە دەڵێـت: "پەروەردە ئامادەکردنی تاکە، بۆ فێربون و وەرگرتنی شتە دیاریکراوەکان، کە هاوکارییەتی بۆ تێپەراندنی ئاستەنگەکان و سـودوەرگرتن لێیـان لە داهاتودا"(دیوی،٢٠١٠، ص159).

**پێناسەی کارڕایی:** مەبەست لە پەروەردە بریتییە لە : پرۆسەیەکی بەردەوام، بە ئامانجی بونیادنانی تاکێکی تەندروسـت، کـە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەم پرۆسەیەش لە لایەن خێـزان یـاخود دەزگـا پەروەردەییـە فەرمییـەکان پێشـکەش دەکرێت، بەڵام لەم توێژینەوەیە مەبەست لە پەروەردەی نافەرمییە، کە خێزان دەگرێتەوە.

**2.2. خــێزان"الاسرة"Family**

خێزان، یەکێکە لەو دامەزراوە بنچینەیانەیە، کە مرۆڤایەتی لە هیچ قۆناغێکدا نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت، چونکـە خێـزان کۆڵەکەی سەرەکی کۆمەڵگەیە و یەکەمین مەیدانی دەستپێکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، تاك یەکەم جار لە خێزاندا فێری بیرکردنەوە و ڕەفتار و ڕاگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

کۆمەڵناسی فەرەنسی "ئۆگست کۆنـت" سـەبارەت بـە خێـزان دەڵێـت" خێـزان یەکەیـەکی کۆمەڵایـەتی ڕاسـتەقینەیە" بـۆ شرۆڤـەکردنی ڕەفـتاری تـاك، کـە ئـەرکی ڕەوشـتی و پـەروەردەیی و ئـاینی دەگرێـتە ئەستۆ(القصـیر و احمـد، 1984،ص33_34). کۆمەڵناسی ئەمریکی "ماکیفـە" دەڵێـت:"خێزان گروپێکـە، کـە بـە پەیوەنـدی سێکسـی پێناسـە دەکرێـت، بـە تـەواوەتی خـۆڕاگرە بـۆ دابینکردنـی پێویسـتییەکان و پـەروەردەکردنی ئەنـدامانی. هـەروەها پێناسـەی خێـزان دەکـات بـە یـەکگرتووی نێـوان ژن و پیـاو ومنداڵەکانیان"(Maciver,1959,P.238).

"ولیام ئۆگبێرن" خێزان بە یەكەیەكی گەورەتر وێنا دەكات، كە تەنها "دایك، باوك، منداڵ" پێكنایەت. بۆیە دەڵێت:"خێزان پەیوەندیەكی بەردەوام و هەمیشەییە، لە نێوان ژن و مێردا، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بوونی منداڵ، لایەنی سێكسی گرنگترین جیاكەرەوەكانییەتی، دەشێت خێزان تاكی تریش جگە لە ژن و مێرد و منداڵ لە خۆ بگرێت وەك"باوەگەورە، دایەگەورە، نەوەكان" هەندێك خزمی تریش، بەمەرجێك هاوبەش بن لە ژیانكردنیاندا"(Ogburn,1964,P.488). "ئەنتۆنی گیدنز " دەڵێت" خێزان بریتییە، لە كۆمەڵێك تاك، كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی خوێنی و خزمایەتی بەیەكەوەی بەستوون و ئەندامە پێگەیشتووەكان بەرپرسیارەتی پەروەردەكردنی منداڵەكان دەگرنە ئەستۆ، كە ئەمڕ پەروەردەكردنە كاریگەری دەكاتەسەر كەسایەتی و ڕەفتاری تاك لە داهاتوودا"(غدنز، 2005، ص254).

**پێناسەی كارڕایی:** مەبەست لە خێزان بریتییە لە : دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی، كە لە(دایك، باوك ، منداڵ) پێكدێت. ئەم دامەزراوەیە ئەركی(بایۆلۆجی، دەروونی، كۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی) لە ئەستۆ دەگرێت. هاوكات خێزان لە ڕەفتاری تاك بەرپرسیارە، جا ئەو ڕەفتارەی تاك ئەنجامی دەدات، ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت، بەو پێیەی تاك سەرەتا لەمیانی خێزانەوە پەروەردە دەكرێت و فێری ئاڕاستە و ڕەفتار و دابونەریت و بەها كۆمەڵایەتییەكان دەبێت.

**3.2. پەروەردەی خێزان "التربیة الاسریة" Family Education**

"باومریند" دەڵێت:" پەروەردەی خێزانی بریتییە، لەو شێوازە پەروەردەیەی، یاخود مامەڵە و ڕەفتارەی، كە دایبابی، یاخود یەكێكیان بەرامبەر منداڵەكانیان پەیڕەوی بكەن. ئەمەش كاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵ و گەشەی كەسایەتی لە لایەنەی "دەروونی، كۆمەڵایەتی، جەستەیی، مەعریفەی" دەكات(Baumrind,1971,p.103). " ئەرجایڵ" سەبارەت بە پەروەردەی خێزان دەڵێت:" بریتییە، لەو ڕێكار و شێوازانەی، كە دایبابی لە بەرامبەر منداڵەكانیان پیادەی دەكەن. بە ئامانجی بە دەستهێنانی جۆرە جیاوازەكانی ڕەفتار لای منداڵەكانیان لەمیانەی پرۆسەی گەشەپێدان و پەروەردەكردندا. ئەم ڕێكارانەش كاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەفتاری تاك هەیە"(ارجایل، 1982، ص179-184).

**پێناسەی ڕێككاری** چەمكی پەروەردەی خێزان بریتییە لە:" كۆی ئەو نمرانەی كە بەشدارانی نموونەی توێژینەوەكە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەكانی پێوەری پەروەردەی خێزان بۆ ئەو مەبەستە بەدەستی دەهێنن".

**4.2. ڕەفتاری شەڕانگێزی " السلوك العدواني" Aggressive Behavior**

زانای دەرونزانی كۆمەڵایەتی "مایەرز" دەڵێت" شەڕانگێزی بریتییە لە هەر ڕەفتارێكی كردەیی، یاخود گووتەیی، كە مەبەست لێی ئازاردان و زیانپێگەیاندنی كەسێك بێت"(Myers, 2012,p.481). لەكاتێكدا ڕەفتاری شەڕانگێزی تەنها ئازار پێگەیاندنی كەسێكی تر ناگرێتەوە، بەڵكو زۆرجار كەسی شەڕانگێز زیان بە بونەوەری تری زیندوو یاخو كەلوپەل و شتە ماددییەكان دەگەیەنێت. جا ئەو شتە ماددییانە موڵكی خۆی، یاخود كەسێكی تر بێت. لەم بارەیەوە "ئەلبێر باندۆرا" دەڵێت:"ڕەفتاری شەڕانگێزی بریتییە لەو ڕەفتارەی، كە دەبێتە هۆی زیانپێگەیانی كەسێكیتر، یاخود شتێك" موڵك و ماڵ"، لە میانی بەكارهێنانی هێزی جەستەیی، یان گووتەیی" (Bandura,1973,P.24). "بوشمان و ئەندرسۆن" بۆچوونێكی جیاوازیان سەبارەت بە ڕەفتاری شەڕانگێزی هەیە. كاتێك دەڵێن:"ڕەفتارێكی مەبەستدارە بە ئامانجی ئەوەی دەستكەوتێكی "ماددی یان كۆمەڵایەتی "بەدەستبهێنێت. ماددی، وەك: دەستبەسەرداگرتنی شتێك، كۆمەڵایەتیش، وەك زاڵبوون بەسەر كەسێكی تردا (Bushman, 2017, P.119-120).

**پێناسەی ڕێككاری** چەمكی ڕەفتاری شەڕانگێزی بریتییە لە:" كۆی ئەو نمرانەی، كە بەشدارانی نموونەی توێژینەوەكە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەكانی پێوەری ڕەفتاری شەڕانگێزی بۆ ئەو مەبەستە بەدەستی دەهێنن".

**3. توێژینەوەكانی پێشوو**

**1.3**. توێژینەوەیەك بەناونیشانی"پەیوەندیی شێوازەكانی پەروەردەكردنی منداڵ لای دایبابان بە شەڕەنگیزی هەرزەكاران لە شاری شەبستەردا" لەساڵی (2011) لەلایەن (انزابي و دیگران)وە زمانی فارسی ئەنجام دراوە. لە ساڵی(2011) لە گۆڤاری"پژوهش های

علوم شناختی و رفتاری" بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەرخستنی پەیوەندی شێوازەکانی پەروەردەی منداڵ بە شەڕانگێزی لە شاری "شەبستەر". بۆ ئەم مەبەستەش سودی لە میتۆدی وەسفی- پەیوەستی وەرگرتووە، هەروەها نموونەکەی بە شێوەی هەڕەمەکی هێشووی "60" قوتابی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری "شەبستەر" وەرگرتووە. لە گرینگترین ئەو ئەنجامانەی، کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە، بریتیین لە، یەکەم: پەیوەندییەکی بەڵگەداری پێچەوانە لە نێوان شێوازی پەروەردەی دیمۆکراتیکیانەی منداڵ لەگەڵ شەڕانگێزی جەستەیی، ڕقلێبوونەوە، توڕەبوون، شەڕەنگیزی زارەکیدا هەیە. دووەم: هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان شێوازی پەروەردەی "کەمتەرخەمانە، سەپێنەرانە" منداڵ و جۆرەکانی شەڕانگێزیدا نییە.

**2.3.** توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "توندوتیژی خێزانی و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزیەوە لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی" لە ساڵی (2012) لە لایەن (الجباري)یەوە بە زمانی عەرەبی ئەنجام دراوە، لە گۆڤاری"جامعة كركوك" بڵاوكراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان توندوتیژی خێزانی و ڕەفتاری شەرانگێزی لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕاوی "ڕەگەز"دا. هەروەها زانینی توندوتیژی خێزانی و ڕەفتاری شەڕانگێزی لای نموونەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگرتووە. نموونەکەی لە "200" قوتابی کچ و کوڕ پێکهاتووە، کە بە شێوەی هەڕەمەکی لە پۆلی چواری ئامادەییەکانی سەنتەری شاری کەرکوك هەڵبژاردوون.

ئەم توێژینەوەیە لە ئەنجامەکانیدا گەیشتووە بەوەی، کە پەیوەندی نێوان توندوتیژی خێزانی و ڕەفتاری شەڕانگێزی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی"طردي" لاوازە، واتا ڕەفتاری شەڕانگێزی زیاد دەکات، بە زیادبوونی توندوتیژی خێزانی. لە هەمانکاتدا گەیشتووە بەوەی، کە جیاوازی بە ڵگەداری ئاماری لە توندوتیژی خێزانیدا، بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بوونی هەیە، بەلای ڕەگەزی نێرینە. واتە ڕەگەزی نێرینە توندوتیژی خێزانی زیاتر بەرامبەر کراوە. بە هەمان شێوەش جیاوازی بەڵگەداری ئاماری، لە پێوەری ڕەفتاری شەڕانگێزی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بوونی هەیە، بەلای ڕەگەزی نێرینە، واتا ڕەگەزی نێرینە ڕەفتاری شەڕانگێزی زیاتر ئەنجام داوە. لە کۆتایشدا گەیشتووە بەوەی، کە توندوتیژی خێزانی و ڕەفتاری شەڕانگێزی پلەیەکی نزمی لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی شاری کەرکوك هەیە.

**3.3**. توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "**پەیوەندی نێوان شێوازی مامەڵە دایبابی و شەڕانێگزی لای هەرزەکاران**" لەساڵی (2014) لە لایەن (Cruz and other) وە بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام دراوە. لە ساڵی (2014) لە گۆڤاری " Research in Educational Psychology " بلاوكراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتییە لە، زانینی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی مامەڵەی دایبابی و ئاستی ڕەفتاری شەڕانگێزی "جەستەیی و زارەکی" و هەڵوێستی توڕەیی، کە بەرامبەر هاوتەمەنەکانیان ئەنجامدراوە. هەروەها زانینی ئاستی ڕەفتاری شەرانگێزی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بۆ ئەم مەبەستە سودی لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگرتووە. نموونەی توێژینەوەکەی (371) قوتابییە، کە تەمەنیان لە نێوان (12-16) ساڵیدایە، بە جۆرێك (173) کوڕ و (198) کچ بوون، بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگرتووە، دوای سنوردارکردنی قوتابخانەکان، کە لە قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکانی هەرێمی ئەندەلوس پێکهاتووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە ئەو هەرزەکارانەی دایبابی شێوازی ڕێزلێگیراوانەیان لە بەرامبەریان گرتۆتەبەر، ئەوا لە ڕەفتاری شەڕانگێزی "جەستەیی و زارەکی" پلەیەکی کەمتریان بە بەراورد بەو هەرزەکارانەی، کە دایبابی شێوازی دیکتاتۆری" توند" یان لە بەرامبەریاندا گرتۆتەبەر. لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە کوڕەکان پلەی زیاتریان بە بەراورد بە کچەکان لە ڕووی ڕەفتاری شەڕانگێزی جەستەیی بەدەست هێنانەوە.

**4.3**. توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "**مامەڵەی دایبابی و پەیوەندی لە دەرکەوتنی شەڕانگێزی لای منداڵان**" لەساڵی (2012- 2013) لەلایەن (عثمان)وە بە زمانی عەرەبی ئەنجام دراوە. لە ساڵی"2015" لە گۆڤاری "جامعة پەسبها"بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی شێوازەکانی مامەڵەی دایبابی و پەیوەندی بە دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵ و زانینی ڕۆڵی گۆڕاوەکانی "تەمەن و ڕەگەز"ی منداڵ لە دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی، هاوکات زانینی ئاستی خوێندەواری دایبابی و

دەركەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵەكانیان، بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە میتۆدی وەسفی شیكاری وەرگرتووە. نموونەیەكی(100)كەسی لە دایك و باوكان بە شێوەی هەڕەمەكی لە ناوچەی "الجدید" لە سبها وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە لە ئەنجامەكانیدا گەیشتووە بەوەی، پەیوەندییەكی بەڵگەداری ئاماری پێچەوانە لە نێوان شێوازەكانی مامەڵەی دایباب و ڕەفتاری شەڕانگێزی هەیە. هەروەها بەو ئەنجامە گەیشتووە، كە گۆڕاوە دیمۆگرافییەكانی" تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری دایك و باوك" هیچ كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ئەنجامەكانی توێژینەوەكە نییە.

**4. تیۆرەكانی پەیوەست بە توێژینەوەكە**

**1.4. تیۆری دەروونشیكاری سیگمۆند فرۆید- نظریة التحلیل النفسي -Psychoanalysis Theory**

فرۆید بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری تاك، بایەخێكی زۆری بە پاڵنەر و غەریزەكانی مرۆڤ داوە. فرۆید ئەو غەریزانەشی بۆ دوو جۆری تەواو جیاواز لە یەكتری دیاری كردووە. ئەوانیش: غەریزەی ژیان"Eros" و غەریزەی مردن"Thanatos"، غەریزەی ژیان پاڵنەرەكانی خۆشەویستی و سێكسن لە پێناو پاراستنی جۆر و خود كاردەكات و ئامانجی بە دیهێنانی گونجانە لە نێوان ڕەگەزەكانی بووندا. هاوكات ئامانجی پارێزگاریكردنە، لە مانەوەی مرۆڤ بە تەواوەتی، غەریزەی مردنیش پاڵنەرەكانی شەڕانگێزی و ڕوخاندن دەگرێتەوە(فروید، 1986، ص12-13). كە پێچەوانەی غەریزەی ژیانە و ئامانجی ڕوخاندنی شتەكان و تێكدانی گونجانە لە نێوان ڕەگەزەكانی بووندا. لە كۆتاییشدا ئامانجی گێڕانەوەی بوونەوەرە زیندووەكانە بۆ دۆخی یەكەمیان، كە دۆخی نائەندامییە( فروید، 1981، ص50). بە بۆچوونی فرۆید غەریزەی مردن و ژیان بە بەردەوامی لە نەستی تاكدا بوونیان هەیە و نابنە ئاستەنگ بۆی. بەڵام كاتێك بەشەكانی دەروونی مرۆڤ دەكەونە ململانێوە، ڕەفتاری شەڕانێگزی دەردەكەوێت. بۆ نموونە كاتێك "ئەو " بەسەر "من و منی باڵادا" زاڵدەبێت. هەروەها كاتێك غەریزەی ژیان نەتوانێت پاڵنەرە سێكسیەكانی تێر بكات، ئەوا غەریزەی مردن و پاڵنەری شەڕانگێزی دەردەكەوێت. بە جۆرێك ئاڕاستەی شەڕانگێزییەكەی ڕووە و دەرەوەیە، بەڵام كاتێك "منی باڵا" زیاد لە پێویست ڕەچاوی كلتور و بەها و ڕێسا ڕەوشتی و كۆمەڵایەتییەكان دەكات، تاك شەڕانگێزیەكەی ئاڕاستەی خودی خۆی دەكات(فروید، 1982، ص86-87). یان ئەگەر تاك ڕەفتاری شەڕانگێزییەكەی بەرووی بابەتێكی دەرەكیدا جێبەجێی نەكرا، ئەوا دەگەڕێتەوە دژی تاك خۆی و دەبێتەهۆی سزادانی خود Rizzuto and (other,1993, p.34).

پەیوەندی توێژینەوەكە بەم تیۆرە لەو خاڵەدایە، كە باس لە (منی باڵا) دەكات، چونكە منی باڵا بریتییە لە، ویژدان و ئەو بەها و نەریت و ڕێسا ڕەوشتیانەی لە میانی كۆمەڵگە و خێزان بۆ تاك دروست دەبێت. بە جۆرێك كاتێك خێزان شێوازی پەروەردەی( كەمتەرخەم، یان پشتگوێخستن) پەیڕەو دەكات. (منی باڵا) لای تاك لاواز دەبێت. واتە تاك ویژدانی لاوازە و گوێ بە بەهاو نەریت و ڕێسا ڕەوشتییەكانی كۆمەڵگە نادات. ئەمەش هۆكارە، بۆ ئەوەی (من) ناتوانێت هاوسەنگی لە نێوان (ئەو و منی باڵا) بكات، بەو جۆرە (ئەو) بەسەر (منی باڵا) زاڵدەبێت و پاڵنەری شەڕانگێزی لای تاك دەردەكەوێت. بە جۆرێك ئاڕاستەی شەڕانگێزیەكەی ڕەوەو دەرەوەیە. هەروەها كاتێك خێزان شێوازی پەروەردەی( توندوتیژ، یاخود سەپێنەر) پەیڕەو دەكات(منی باڵا) زیاد لە پێویست كۆنترۆڵی حەزە زگماكییەكانی تاك دەكات، ڕەنگە ئەوەش پاڵنەری سەرەكی ڕەفتاری شەڕانگێزی بێت. دەشێت لەم باردۆخەدا تاك شەڕانگێزییەكی ڕووەو خودی خۆی ئەنجام بدات.

**2.4. تیۆری نائومێدی جۆن دولارد و نیل میلەر -نظریة الأحباط- frustration Theory**

لایەنگرانی ئەم تیۆرە، پێیانوایە ئێمە بە سروشت شەڕانگێز نین، بەڵام كاتێك مرۆڤ ئامانجێكی دیاریكراوی هەیە و ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، ناتوانێت ئامانجەكە بهێنێتە دی. بەمەش نائومێدی لای دروست دەبێت. ڕەفتاری شەڕانگێزی، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ نائومێدییەكە دەردەكەوێت(Ramirez,1996,p.33). هاوكات پێیانوایە ئەم نائومێدییەش لە ئەنجامی فشاری بەردەوام لە ژینگەی كۆمەڵایەتی، وەك "خێزان و كۆمەڵگە" دروست دەبێت(دافیدوف، 1992، ص507). یاخود دەشێت ئەم نائومێدییە، بەهۆی شێوازی نادروستی پەروەردەی خێزانی بێت، وەك "توندوتیژی، پشتگوێخستن، نازپێدان، جیاكار"، بۆ نموونە

سزادانی توندی نادروست، بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ناو خێزاندا، هۆکارە بۆ درووست بوونی نائومێدیً تاك، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی تاك ڕەفتاری شەڕانگێزیەکەی لە دەرەوەی ژینگەی خێزان ئەنجام بدات(يحيى، 2000، ص198). بەڵام بە زۆری شەڕانگێزی ئاڕاستەی سەرچاوەی نائومێدیەکە دەکرێت. بە ئامانجی وەلانانی سەرچاوەکە یان زاڵبوون بەسەریدا. تاك لەم دۆخانەی خوارەوە شەڕانگێزیەکەی بە شێوەی ڕقلێبوونەوە یان ڕەخنەگرتن لە خود بەرووی خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە:( کاتێك زانی خۆی بەرپرسیاری سەرچاوەی بنەڕەتی نائومێدییەکە، نەك ڕەگەزێکی دەرەکی، ئەگەر تاك نەتوانێت شەڕانگێزیەکەی ئاڕاستەی سەرچاوەی نائومێدیەکە بکات، نەتوانێت هۆکاری نائومێدیەکە دیاری بکات) (دولارد و اخرون، 1986، ص37-39).

تیۆری (نائومێدی-الاحباط) ڕەفتاری شەڕانگێزی بۆ نائومێدی تاك دەگەڕێنێتەوە. هاوکات ئەو نائومێدیەش بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی وەك (خێزان و کۆمەڵگە) دەگەڕێنێتەوە. بۆیە ئەم تیۆرە بە سوودە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان شێوازی پەروەردەی خێزان و ڕەفتاری شەڕانگێزی. بە جۆرێك ئەو شێوازە پەروەردەیەی خێزان پەیڕەوی دەکات، دەشێت بە شێوەی ڕاستەخۆ یاخود ناڕاستەخۆ، ببێتە هۆی بەربەست لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانج و حەزەکانی تاك و دروست بوونی نائومێدی. بۆ نموونە شێوازی پەروەردەی(پشتگوێخستن، بەراودکاری) ببێتەهۆی ئەوەی تاك نەتوانێت حەزو ئارەزووەکانی بەدیبهێنێت و هەستی بەراودکاری لای ببێتە هۆی نائومێدی. هەروەها شێوازی پەروەردەی( نازپێدان) بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ نائومێدی لای تاك دروست بکات. بۆ نموونە ئەو منداڵەی لەلایەن خێزانەوە نازی زۆری پێدەدرێت و هەر حەز و ئامانجێکی هەبێت، بۆی جێبەجێی دەکرێت، بێ ئەوەی هیچ جۆرە بەربەرستێك لەبەرامبەر ئامانج و حەزەکانی دروست بێت، بەڵام کاتێك لە دەرەوەی ژینگەی خێزان بچوکترین بەربەست بۆ حەز و ئامانجەکانی دروست دەبێت، نائومێد دەبێت. ڕەنگە لەم باردۆخانەی سەرەوە شەڕانگێزی وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ نائومێدیەکە دەرکەوێت.

**3.4. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەلبێرت باندۆڕا- نظرية التعلم الاجتماعي- Social Learning Theory**

باندۆرا لە ساڵی(1973) بنەماکانی تیۆرەکەی بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری شەڕانگێزی خستەکارەوە. پێیوابوو شەڕانگێزی، ڕەفتارێکی فێربوونە لە ڕێگەی لاسایکردنەوە"Imitation" و تێبینیکردنی" Observation" بە دەست دێت. بێ ئەوەی تاك بە ئەزموونی ڕاستەخۆدا تێپەڕێت. ئەمەش بە تێبینیکردن و لاسایکردنەوە نموونە ڕەفتارییەکانی کەسانی تر، هەرچەندە پێیوایە ئەزموونی ڕاستەوخۆ، کە لەڕێگەی "پاداشت، سزا" دروست دەبێت، ڕۆڵێکی گرنگی لە فێربوون، یان فێرنەبوونی ڕەفتاری شەڕانگێزدا هەیە(Bandura, 1986, p.280).

واتە پێیوایە" پاداشت و سزا" ڕاستەوخۆی کاردەکاتە سەر ڕەفتاری تاك. بە جۆرێك ئەگەر تاك پاداشت و خەڵاتکرا، لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزی، ئەوا شەڕانگێزییەکەی زیاد دەکات(نلسون و ايزرئل، 2019، ص245). بەڵام مەیلی بۆ ئەو ڕەفتار نییە، کە بکەرەکەی سزا دەدرێت. لەهەمان کاتدا سزاش بە دوو شێوە کاریگەری هەیە، بە شێوەی ڕاستەخۆ وا لە تاك دەکات ڕەفتاری شەڕانگێزی ئەنجام نەدات، دەشێت بە شێوەی ناڕاستەخۆش ببێتە هۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری شەڕانگێزی، چونکە سزا نموونەیەکی شەڕانگێزی بە تاك دەدات، ئەگەری هەیە لە هەڵوێستێکی تردا لاسایی بکاتەوە(ابو قورة، 1996، ص121-124). واتە ئەو خێزانانەی شێوازی پەروەردەکردنی "توندوتیژی، سەپێنەر" پەیڕەو دەکەن. و هەڵدەستن بە بەکارهێنانی سزای جەستەیی، وەك ئامرازێك یان هۆیەکی سەرەکی لە گەشەپێدان و پەروەردەکردی منداڵدا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پێدانی نموونەیەکی ڕەفتاری شەڕانگێزی بە تاك، کە لاسایی دەکاتەوە، ڕەنگە ڕەفتارە شەڕانگێزیەکەی لەناو ژینگەی خێزان ئەنجام نەدات، بەڵام ڕەنگە ڕەفتارە شەڕانگێزییەکەی بە شێوەیەکی زیاتر دەربخات، لە میانی تێکەڵاوی و کارلێکی لەگەڵ کەسانی تر لە دەرەوەی ژینگەی خێزان (Samuel, 1981, p.337-338). لەگەڵ ئەوەشدا "باندۆڕا" پێیوابیە تاك دەتوانێت لە ڕێگەی هەردوو پرۆسەی مەعریفی" cognitive " و ڕێکخستنی خود "self-regulation" ڕەفتارەکانی بگۆڕێت، یان کۆنترۆڵیان بکات، ئەمەش لە ڕێگەی بەهێزکردنی تێبینیکردنی ئەو ئەنجامانەی ڕووبەڕووی ڕەفتارە نەگونجاوەکەی دەبێتەوە(Bandura,1977, 192-193).

باندۆڕا(Bandura,1973 ) پێیوایە ئەو سەرچاوانەشی، کە تاك لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و تێبینیکردن نموونە ڕەفتارییەکانی شەڕانگێزی فێر دەبێت، بریتین لە: (کاریگەری خێزان، کاریگەری هاوڕێیان، کاریگەری نموونە ڕەمزییەکان وەك " تەلەفزیۆن، سینەما" لە ئێستادا سۆشیاڵ میدیا). هاوکات ئەوەی خستەڕوو، تاك ڕەفتاری ئەو کەسانە تێبینی و لاسایی دەکاتەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە کارلێککردن لەگەڵیدا هەیە. یاخود ئەو نموونە"models "ی هێزی پاڵپشتی و بەهێزکردنی هەیە، زیاتر لاسایی دەکرێتەوە، لەو نموونەی ئەو هێزەی نییە. کە باندۆڕا پێیان دەڵێت: نموونەگەری-مۆدیل"models"(Bandura,1977,p.2). بە جۆرێك منداڵ بە بەردەوامی لاسایی و تێبینی نموونە"models "ڕەفتاری کەسانی، وەك (مامۆستا، کەسانی پێگەیشتووی شوێنی نیشەجێبووی خێزانی، هاوڕێیانی هاوتەمەنی) دەکات، بەڵام منداڵ بە تایبەتی پشت بە دایبابی وەک نموونە "models "دەبەستێت. هەروەها زیاتر لاسایی ڕەفتار و جۆری وەڵامدانەوەی ئەوان بۆ هەڵوێستە جۆراو جۆرەکان دەکاتەوە(Bandura,1969,p.215). لەلایەکی دیکەوە ئەو پێیوایە شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی درووست بوونی ڕەفتاری شەڕانگێزی. لەم بارەوە دەڵێت" ئەو کەسانەی ڕەفتاری شەڕانگێزی ئەنجام دەدەن، ئەندامی ئەو خێزانانەن، کە"دایبابیان" بە شێوەیەکی "توند" مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و هانی شەڕانگێزی دەدەن(Bandura and Inesta,1979, p.584-586).

بە شێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە پەیوەستە بە بابەتی توێژینەوەکەمان، چونکە باندۆڕا پێیوایە، شێوازی پەروەردەی خێزانی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزی تاك هەیە. بۆ نموونە ئەو خێزانانەی پێیانوایە، شێوازی پەروەردەی( توندوتیژی، سەپێنەر) هۆیەکی گرنگە بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندن، هەڵدەستن بە ئەنجامدانی سزای جەستەیی، ئەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك دەبێت و لاسایان دەکاتەوە، وەك نموونەیەکی ڕەفتاری شەڕانگێزی، چونکە باندۆڕا پێیوایە تاك زیاتر لاسایی و تێبنی نموونەی ڕەفتار ئەوکەسانە دەکاتەوە، کە پێگەیەکی گرنگیان لای تاك هەیە، بە تایبەتیش " دایبابیان". هەروەها ئەو خێزانانەی شێوازی پەروەردەی( کەمتەرخەم ، پشتگوخستن) پەیڕەو دەکەن. ڕێگە بە منداڵەکانیان دەدەن نموونەی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، وەك (تەلەفزیۆن و شۆشیاڵ میدیا) ببینێت. ئەو نموونە ڕەفتارییە دووبارە دەکەنەوە، لە دەرەوە و ناوەوەی ژینگەی خێزان بوونی هەیە. هەروەها بە شێوەی ڕاستەخۆ شێوازی پەروەدەکردنی و مامەڵەی دایبابی دەبێتەهۆی دروست بوونی ڕەفتاری شەڕانگێزی. بۆ نموونە ئەو خێزانەی بە شێوەکی ڕاستەخۆ پاداشت و هانی بکەری ڕەفتاری شەڕانگێز دەدات. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی زیاتر ڕەفتاری شەڕانگێزی ئەنجام بدات و ئەندامانی تری خێزان لاسایی بکەنەوە.

**5. شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی**

**1.5. شێوازی دیمۆکراسی" الديمقراطية"Democracy**

دیموکراسی دەستەواژەیەکی سیاسییە، لەسەر ئاستی پەروەردەیی و ژیانی کۆمەڵایەتیش بەکاردەهێندرێت. مەبەست لێی دوورکەوتنەوەیە لە سەپاندنی سیستەمی توند و جڵەویکردنی ویستەکانی تاك لە لایەن خێزانەوە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ملکەچکردن و ناچارکردنیان لەسەر ئەو شێوە ڕەفتارانەی ئەوان لێی ڕازین.

ئەو شێوازە پەروەردەیە، کە خێزان سەربەخۆیی و ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین بە منداڵەکانیان دەدەن. سەرەڕای سەپاندنی هەندێك کۆت و بەند و ڕێنمایی لە سنوری قبوڵکراودا. واتە ماماوەندن لەسەپاندنی کۆت و بەندەکان(طباطبایی و دیگران، 2015، ص11). هاوکات ئەم شێوازە ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی و کارلێکی بەهێز لە نێوان ئەندامانی خێزان، واتە پەیوەندیەکی ئەرێنی لەنێوان دایبابی و منداڵەکانیان بوونی هەیە، هەروەها پێگەی یەکسان بە هەموو ئەندامانی خێزان دەدات(ارجمندنیا و دیگران، 2017، ص54). بۆیە ئەم شێوازە باشترین شێوازەکانی پەروەردەی خێزانییە، چونکە ئەو شێوازە بواری فراوان بۆ خستەڕووی کەسایەتی و توانای تاك دەڕەخسێنێت. هەروەها دایبابان بە لێبووردەیی مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن و هەست و حەز و ئارەزووەکانیان قبوڵ دەکەن. هەروەها شێوازی دیموکراسی ئاسانکاری بۆ کرانەوەی منداڵ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و بواری گفتوگۆ

لەسەر بڕیارە خێزانییەکان بۆ ئەنـدامانی دەرەخسـێنێت. تەنـات ئەگەر لە ڕابۆچـوون و بڕیارەکانیانـدا هەڵەش بـکەن، ئەوا بە نەرم ونیانی لێیان وەردەگرێت. ئەمەش هەستی دڵنیایی و متمانەیان پێـی دەبەخشـێت. هاوکـات ئەم جـۆرە شـێوازە لە پەروەردەکردنـدا، هۆکارە بۆ ئەوەی تاك هەستی سەربەخۆیی لە بریار و هەڵوێستە جیاوازەکان بە شێوەیەکی واقعی بۆ دروسـت بێـت. هەروەهـا ئەو تاکانەی ئەندامی خێزانی دیموکراسین بەرهەمهێن و پشت بە توانا و لیهاتووی خۆیان دەبەستن، کەمتر دەسـتدرێژی بـۆ سـەر مڵـك وماڵ و کەسانی تر ئەنجام دەدەن(Myrick, 2017, p.118).

**2.5. شێوازی سەپێنەر- دەسەڵاتخواز "التسلط" Authoritarian**

ئەم شـێوازە بە یەکێـك لەو شـێوازە نادروسـتەکانی پەروەردەکـردن دانەنرێـت، کە هەنـدێك لە خێزانەکـان لە بەرامـبەر منداڵەکانی پەیڕەوی دەکەن.

ئەم شـێوازە لە پەروەردەکـردن پـێچەوانەی شـێوازی پەروەردەکردنـی دیمۆکراسـانەیە. لە ڕوخسـارە دیارەکـانی ئەم شـێوازە زیـاد ڕێکخستن و کـۆنترۆڵکردن و تونـد مـامەڵەکردنە لەگەڵ منـداڵ، هەروەهـا پابەنـدکردنیان بە گـوێڕایەڵی و ئەو ڕێنمایـانەی لە لایەن باوکانەوە پێیـان دەرێـت(اعظمي و دیگـران، 2017، ص61). بە بـێ ئەوەی ڕاوبۆچـوون و ڕای منـداڵەکانیان وەربگیرێـت. تەنهـا ڕای دایبابان یەکەم و کۆتاییە و کەس مافی ئەوەی نییە قسە لە بڕیار و یاساکانی خێزاندا بکـات. هەروەهـا (سەرزەنشـتکردن ، سـزادان، بێبەشکردن، ناچارکردن، ترساندنی بەردەوام لە سزادان، باڵادەستی باوان بەشێوەی دڵڕەق و توندوتیژی) سیما دیارەکانی ئەم جۆرە شێوازەیە (هاوس، 2009، ل93-94). هەروەها ئەوەی ئەم شێوازە لە شێوازی دیموکراسـی جیـا دەکـاتەوە، بەکارهێنـانی سـزایە، کە دەشێت سزادان لەسەر شێوەی جەستەیی ڕاستەخۆ، یان لەسەر شێوەی هەڕەشەی تونـد بێـت. یـاخود دەکرێـت بەشـێوەی زارەکـی بێت، وەك قسەی نەشیاو و هاوارکردن بەسـەر منداڵـدا. واتە لەسـەر هەڵەی بچـوك سـزا یـاخود هەڕەشـەی سـزادانیان بەشـێوەی بەردەوام لێدەکەن، هەروەهـا باوکـان ڕێـگە بە خۆیـان دەدەن لە منـداڵەکانیان بـدەن، ئەگەر سـەرپێچی فەرمانەکانیـان کـرد، یـان بەدەنگیانەوە نەچوون(Guastello and other, 2014, P.1).

**3.5. شێوازی پشتگوێخستن " الاهمال" Negligence**

ئەم شێوازە لە پەروەردەکردنیش بە شێوازێکی ناردروست و مەترسیدار دادەنرێن، کە هەنـدێك لە خێزانەکـان پەیـڕەوەی دەکەن. جا هۆکارەکەی هەرچیەك بێت.

پشتگوێخستنی منداڵ لە لایەن باوك یان دایك، یاخود هەردووکیان دیاردەیەکە لە دیاردەکانی پەروەدەکردنی نادروست، کە خێـزان پەیڕەوەی دەکات، چونکە دایبابان بەو ڕۆڵەی لەسەرشانیانە هەڵناستن. ئەوە مانی ئەوە نییە خێزان ئازادی بە ئەنـدامەکانی بەئاگـایی یان درکپێکردن دەدات، بەڵکو خێزان ڕێگەیان پێدەدات بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن، کە خۆیان دەیانەوێت. چونکە ئەم خێزانانە توانای ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی کردنیان نییە (ارامش، 2013، ص19-20). هەروەها پشتگوێخستن دوو شێوەی سەرەکی وەردەگرێت. یەکەم: پشتگوێخستنی جەستەیی، خۆی دەنوێنێت لە گرنگی نەدان بە خاوێنی منداڵ، یان دابینەکردنی پێداویسـتییە بنەڕەتییەکـان، وەك "پێداویسـتییە فیسـیۆلۆژی و تەندروسستییەکان"(أبوأسـعد و الختاتنـە، 2014، ص210). دووەم: پشتگوێخسـتنی سـۆزداری، خـۆی دەنوێنێـت لە ڕێزنەگـرتن و وەڵامـنەدانەوەی پرسـیارە جۆراوجۆرەکـان و گـوێنەدان بە پیاهەڵـدان و ئـافەرین کردنـی کاتێـك شایستەی دەستخۆشی کردنە وەك "سەرکەوتن لە قوتابخانە، ئەنجامدانی کارێکی شیا و دروست"(غزال، 2013، ص134).

**4.5. شێوازی نازپێدان "التدليل" Fondling - زیادە پارێزگاری"الاحماية الزائدة" Over protection**

ئەم شێوازە بە شێوازێکی بەربڵاو دادەنرێت.، کە زۆرێك لە خێزانەکان "دایبابی"، بەرامبەر منداڵەکانیان، یاخود یەکێك لە مندالەکانی پەیڕەوەی دەکات. لە پۆلیکردنی شێوازەکانیش بە شێوازێکی نادروست دانراوە .

شێوازی زیادە پارێزی لە پەروەردەدا، کە خێزان پەیڕەوی دەکات. ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی دایبابان بۆ منداڵەکەیان و پارێزگارکردن و پاراستنیان لە هەموو شتێك، تەنانەت لە سادەترین مەترسی، ئەمەش لە ڕەفتاری یەکێك لە دایبابان دەردەکەوێـت، وەك دڵەڕاوکێـی زۆر لە کـاتی ئامـادەنەبوونی منـداڵ لە مـاڵەوە و چـوونە دەرەوەی بە تەنهـا لەمـاڵ، یـاخود چـوونی بـۆ قوتابخـانە(بطرس، 2008،

ص542). هەروەها دایبابی، یاخود یەكێكیان لە جیاتی منداڵ بەو ئەرك و بەرپرسیارتییە هەڵدەستن، كە منداڵ توانای ئەنجامدانی هەیە. یاخود دەتوانرێت دەرفەتی پێ بدرێت بۆ ئەنجامدانیان وەك "هەڵبژاردنی هاوڕێ، جلو بەرگ، چالاكیە جۆراو جۆرەكان" (كفافي، 2009، ص302).

هەروەها ئەم شێوازە پەروەردەییە نازكێشان و زیادەڕۆیی تێدایە، كە خێزان هەموو داواكارییەكانی و خواستەكانی منداڵ دابیندەكات، كە هەرچەندە نائاسایی و نامۆش بن. هاوكات پێداگیری منداڵ لەسەر داواكارییەكانی لە هەركوێ و هەر چۆنێك بن و هەر كاتێك بیەوێت، بە بێ ڕەچاوكردنی باردۆخی واقیعی، یان بەردەستەبوونی تواناكان، ئەوا خێزان هەڵدەستێت بە دابینكردنیان(شرفة و بن تروش، 2017، ص202). تاك لە میانی ئەم شێوازە پەروەردەییە، بە كەسایەتیەكی لاواز و ناجێگیر گەشە دەكات و پشت بەخەڵكانی تر دەبەستێت لە جێبەجێكردنی پێداویستییەكانیدا. لەمبارەوە " ڤۆڵفانگ بێرگمان- Bergmann" دەڵێت: "شتێكی نارەوا نییە، كاتێك دایبابی داواكاری و ئارەزووەكانی منداڵەكانیان بهێنە دی، بەڵام ڕێگە پێدان و بە دیهێنانی هەموو ئارەزوو و داواكارییەكانیان بوویێت، بە شتێكی ئاسایی، ئەوا ئەنجامەكەی كارەساتبار دەبێت(بێرگمان، 2015، ل15-16).

**5.5. شێوازی یەكسانی" المساواة- Equality" و شێوازی جیاكاری" التفرقة- Discrimination"**

ئەم دوو شێوازە پەروەردەیە پێچەوانەی یەكترن. بێگومان هەندێك خێزان، یەكێك لەم شێوازانە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەندامانی خێزانەكەی پەیرەو دەكات، جا بە مەبەست یاخود بێ مەبەست بێت.

شێوازی یەكسانی یەكێكە لە شێوازە دروستەكان، كە خێزان لە بەرامبەر ئەندامانی پەیرەوی دەكات. هەروەها ئەم شێوازە، ئاماژەیە بۆ مامەڵەكردن و پەروەردەكردنی منداڵ بە شێوەیەكی یەكسان. واتە خێزان هەلی یەكسان لە ڕووی چاودێری و ئاراستەكردن و پاداشت و سزا و خۆشەویستی بۆ ئەندامانی خێزان فەراهەم دەكات، هەروەها هەموو ڕێكارەكانی ژیان و پێداویستییە مادی و مەعنەوییەكان بە شێویەكی دادپەروەر و بێ جیاكاری بۆ ئەندامانی خێزان دابیندەكات. ئەمەش كاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕەفتار و كەسایەتی تاك هەیە، كە دەبێتەهۆی پێكهێنانی كەسایەتییەكی یەكسان و دادپەروەر و هاوسەنگ، هەروەها كەسایەتیەكی بەهێز و بەتوانا لەڕووی گونجانی لەگەڵ هەڵوێستە جۆراوجۆرەكان لە ناوە و دەروەی ژینگەی خێزانیدا (الجندي، 2010، ص62). لە كاتێكدا، شێوازی پەروەردی جیاكاری، تەواو پێچەوانەی شێوازی یەكسانە. كە بەشیك لە خێزانەكان بە شێوەی مەبەستدار، یان بێ مەبەست بەرامبەر ئەندامانی خێزان پەیرەوی دەكات. واتە شێوازێكی ناردروستە لەپەروەردەكردندا. ئاماژەیە بۆ جیاوازی كردن لە نێوان ئەندامانی خێزان. بۆ نموونە جیاكاری لەڕووی خۆشەویستی و دابینكردنی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەكان لەنێوان منداڵەكان، یاخود لایەنگری یەكێكیان لەسەر حسابی ئەوانی تر دەكەن. وەك جیاوازی نێوان " نێر و مێ، گەورە و بچوك، یان بە پێی ڕیزبەندی لە دایك بوون" یان جیاوازكرد بە هەر هۆیەكیتر بێت ( فیاض، 2015، ص38).

**6.5. شێوازی دڵڕەقی" القسوة" Cruelty (سزادانی جەستەیی)**

ئەم شێوازە، یەكێكە لە خراپترین و مەترسیدارترین شێوازەكانی پەروەردە كردن، كە خێزان پەیرەوی دەكات. هەندێك لە خێزانەكان وای دەبینن ئەو جۆرە پەروەردەكردنە لەسەر بنەمای دڵڕەقی، شێوازێكی پەروەردەكردنی نموونەییە.

ئەم شێوازەی خۆی لە (سزادانی جەستەیی توند) دەبینێتەوە، كە كاریگەری نەرێنیی"خراپ" لەسەر پێكهاتەی دەروونی و كۆمەڵایەتی تاك هەیە؛ بۆیە پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و كۆمەڵناسی ئەم شێوازە لە پەروەردەكردن ڕەتدەكەنەوە. هەرچەندە سزادان هۆیەكە لە هۆیەكانی پەروەردەكردن، بە ئامانجی ڕاستكردنەوەی ڕەفتار لای تاك. بە مەرجێك سزادانی جەستەیی نەبێت و لەگەڵ هەڵوێستەكان و تەمەنی منداڵ گونجاو بێت. وەك سزادانی دەروونی و جێبەجێنەكردنی داواكارییەكانی وەك سزایەك، یاخود ئاگاداركردنەوە(فیاض، 2015، ص40).

**6. شێوەكانی ڕەفتاری شەڕانگێزی**

**1.6.ڕەفتاری شەڕانگێزی لەڕووی شێوازەوە:**

**أ. شەڕانگێزی جەستەیی-العدوان الجسدي-Physical Aggression :** مەبەست لەم جۆرە، بریتییە لە ئازاردانی جەستەیی بە ڕووی خود یاخود ئەوانی تردا، ئامانج لێی ئازاردانە. وەك " لێدان، پاڵپێوەنان، شەق لێدان، پرچ ڕاكێشان، گازگرتن" ئەم ڕەفتارانە بە زۆری تووڕەبوونی توندی تێدایە.

**ب. شەڕانگێزی زارەكی-العدوان اللفظي-Viral Aggression:** ئەم جۆرە لە سنووری قسەكردندا دەمێنێتەوە. بە جۆرێك" تووڕەبوون ، جنێوپێدان، سوكایەتی پێكردن، هەڕەشەكردن" لەگەڵدایە. بە ئامانجی ئازاردان، یاخود خوڵقاندنی كەشێكی ترس و دڵەڕاوكێ دژی خەڵكانی تر(یحیی، 2000، ص186).

**ج. شەڕانگێزی ڕەمزی" هێمایی-العدوان الرمزي-Symbolic Aggression** : ئەم جۆرە شەڕانگێزی بە شێوەی نازارەكی گوزارشتی لێدەكرێت بۆ پیشاندانی ڕق لێبوونەوە و سوكایەتی پێكردن. وەك " تەماشانەكردنی ئەو كەسەی ڕقی لێیەتی، وەرنەگرتنی ئەو شتەی پێشكەشی دەكات، بە سوك سەیركردن، مۆڕەكردن، زمان دەرهێنان، یاخود هەندێك هێما دەكات كە ئاماژەیە بۆ سوكایەتی پێكردن و ترساندن"(الفخراني، 2015، ص186).

**2.6. شەڕانگێزی بە پێی ئاڕاستەكەی**

**أ. شەڕانگێزی ڕووەوخود" العدوان نحو الذات-Aggression towards the self ":** مەبەست لێی زیانگەیاندن و ئازاردانە بە خود. ئازارگەیاندن بە خود چەندین شێوە لە خۆ دەگرێت. وەك " شكاند و تێكدانی كەل و پەلەكانییەنی، پەنجە گەستن، سوتاندنی بەشێك لە جەستە، سەركێشان بەدیواردا، بەكەم تەماشاكردنی خۆی، ڕقلێبوونەوە لە خۆی" (مصطفى، 2011، ص127).

**ب. شەڕانگێزی ڕووە و ئەوانی تر"العدوان نحو الاخرين-Aggression towards the others** ": ئەم شێوەیە لە شەڕانگێزییە ئاڕاستەی ئەوانی تر دەكرێت، كە دیارترین شێوەكانی شەڕنگێزییە. بە مەبەستی دەستدرێژی و زیانگەیاندنە بە كەسێك چ بەشێوەی جەستەیی یان زارەكی. یاخود تێكدانی مڵك و ماڵی كەسێكی تر. گرنگترین پاڵنەڕەكانیشی" تووڕەیی و ڕق و كینە و نائومێدییە

**3. شەڕانگێزی دژی مڵك و ماڵ- العدوان على الممتلكات- Aggression against property:** مەبەست لەم جۆرە برتییە لە تێكدان و زیانپێگەیاندنی مڵك و ماڵی خەڵكانی تر. وەك " شكاندن، سوتاندن، دزینی مڵك و ماڵ، دەستبەسەرداگرتنی مڵك و ماڵی خەڵكانی تر بە شێوەی ئاشكرا و نەهێنی" (سليم، 2018، ص346).

**3.6. ڕەفتاری شەڕانگێزی بە پێی" پێشوازی"**

**أ. شەڕانگێزی ڕاستەوخۆ-العدوان المباشر-Direct Aggression:** بریتییە لەو شەڕانگێزییەی، تاك ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی كەسێكی تری بكات" كەسەرچاوەی نائوێدییەكەیەتی"، واتە ئاڕاستەی سەرچاوەی نائومێدیەكەی دەكات، بە بەكارهێنانی هێزی جەستەیی، یاخود بەشێوەی زارەكی ڕەفتاری شەڕانگێزیەكەی ئاڕاستەدەكات.

**ب. شەڕانگێزی ناڕاستەخۆ-العدوان غير المباشر- Indirect Aggression"** : بریتییە لەو شەڕانگێزییەی، تاك ڕاستەوخۆ نەتوانێت ئاڕاستەی سەرچاوەی بنەڕەتی نائومدیەكەی بكات، لەترسی سزادان. ئەوا ئاڕاستەی كەسێكی تر، یاخود شتێكی تر دەكات، كە پەیوەندیدارە بە سەرچاوەی بنەڕەتی نائومێدییەكەی (دولارد و اخرون، 1986، ص37-38).

**7. پەیوەندی پەروەردەی خێزانی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی لای هەرزەكار**

وەك ئاشكرایە، كە"دایابی" لە ژیانی خێزاندا ڕۆڵێكی گرنگیان هەیە، بەوەی كەسانی زۆر گرنگن لە ژیانی هەزەكاردا و سەرچاوەی گرنگن بۆ تێركردنی پێداویستییەكانیان و پاراست و فەراهەمكردنی ژینگەیەكی تەندروست بۆیان. هەروەها خێزان ڕۆڵێكی گرنگی لە پێكهێنان و پەرەپێدانی ڕەفتاری لای هەرزەكار هەیە، چونكە خێزان ئەو یەكە كۆمەڵایەتییە هەرزەكار تیایدا گەشە دەكات و گەورە دەبێت، بە شێوەیەك هەرزەكار مەیلی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە خێزانەوە بە دەست دەهێنێت، ئەمەش بە هۆی ئەو شێوازە پەروەردە و مامەڵەیەی خێزان " دایابی" بەرامبەر هەرزەكار پیادەی دەكات(مريم و بسمة، 2016-2017، ص43) واتە

شێوازی پەروەردە و مامەڵەییەی " دایبابی" لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن، کە کار دەکەنە سەر گونجانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و شێوە ڕەفتارەکانی هەرزەکار.

بە جۆرێك توێژینەوەکان لایەنگری ئەو گریمانەیە دەکەن، کە دەڵێت:" دایبابی شەڕانگێز منداڵی شەڕانگێزیان هەیە". واتە ئەو هەرزەکارانەی شەڕانگێزن بەزۆری لەو خێزانانەن، کە دایبابی مەیلی دڵڕەقی و پەروەردەی توندیان هەیە و باوەڕیان بە سزادانی جەستەیی توند هەیە. وەك چۆن "کارڵسیمس و کۆنڕادت" لە توێژینەوەکەیان گەیشتن بەوەی، کە پەیوەندی ئەرێنی هەیە لە نێوان هەرزەکارە شەڕانگێزەکان و پلەی توندوتیژی یان ئەو شێوازە "دڵرەقی - سزادانی جەستەیی"دایبابی لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان پەیرەوی دەکەن. هەروەها ئەو هەرزەکارانەی لە تەمەنی منداڵیدا ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە و شێوازی پشتگوێخستن دەبنەوە و لە پەیوەندی سارد و سڕدا دەژین، بەلای دەرکەوتنی توندوتیژی و ڕەفتاری شەڕانگێزیدا دەشکێتەوە( ابو قورة، 1996، ص163-164).

"محي الدين و ئەوانی تر" لە ساڵی (1985) لە توێژینەوەکەیان گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی، کە ڕەفتاری شەڕانگێزی بە ستراوەتەوە بە توندوتیژی و نا جێگری لە پەروەردە و مامەڵەی "دایبابی". هەریەکە لە " الکامل و سلیمان" لە ساڵی (1995) لە توێژینەوەکەیاندا ئەوەیان خستەڕوو، کە شێوازی پەروەردەی (سەپێنەر و پشتگوێخستن) کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای هەرزەکار هەیە(دحلان، 2003، ص28). لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەی تر هەن سەلماندوویانە، کە لێبووردەیی زۆری دایبابی لەگەڵ هەرزەکار و سزانەدانیان لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزیان دەبێتە هۆی ئەوەی پلەی شەڕانگێزی لای هەزەکارەکانیان بەرزبێتەوە (ابوقورة، 1996، 163-164). بۆ نموونە ژمارەیەك لە توێژەران گرنگی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایبابی دەرخست لە کاتی توێژینەوەیان لە ڕەفتاری شەرانگێزی وەك( ماك کۆرد و هاوارد 1961، لیفکو وتز و ایرۆن و ولدر و هیسمان 1977، ئۆلویس 1980،1984). لە یەکێك لە ئەنجامەکان گەیشتن بەوەی، هەڵویستی لێبوردەیی دایبابی بە ڕووی ڕەفتاری شەڕانگێزی منداڵەکەیاندا، لە بنەڕەتدا کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزی دەبێت( العلي، 2018، ص35). بە شێوەیەکی تریش شێوازی پەروەردەی (زێدە پارێزی و نازپێدان) کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای هەزەکار هەیە. چونکە نازپێدان و وەڵامدانەوە بۆ حەزەکانی لە قۆناغی منداڵی بوار ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی هەرزەکار فێری ڕێکخستن و جڵەوکردنی حەز و ئارەزوەکانی ببێت، بەهۆی ئەوەی لە ژیانیدا نەبینیوە و ڕووی نەداوە ئەو جڵەوکردن و ڕێکخستنەی پێویست بوو بێت. کاتێکش منداڵ لەسەر سیستەمێك گەورە نەکرابێت و ئەزموونی نەکردبێت، لاواز دەبێت و بەرگەی فشار و حەز و ئارەزووەکانی ناگرێت. بۆیە دەشێت وەك پەرچەکردارێك بۆ ئەو فشارانەی دەکەوێتە سەری ڕەفتاری شەڕانگێزی ئەنجام بدات(مریم و بسمة، 2017، ص44).

لە ئەنجامی ئەو شێوازە نەرێنیانەی، کە خێزان پەیرەوەی دەکات لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، دەبێتەهۆی دەرکەوتنی ڕەفتاری نادرووست لەوانەش ڕەفتاری شەڕانگێزی. شێوە و ڕوخسارەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزیش لای هەرزەکار. پاشەکشەیە لەناو" ئامادەییەکان" کە گوێپێنەدان بەوەی لەناو پۆل خوێندن ڕوودەدات و دەبێتەهۆیەك بۆ وورژاندن و ڕقی مامۆستا. هەروەها بەشداری وانەکان ناکات و وەك هەڵوێستێکی شەڕانگێزی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، یاخود پەنا بۆ جۆرێکی تری شەڕانگێزی زارەکی دەبات. وەك ( نوسین لەسەر بۆردی پۆل یان لەسەر دیوارەکانی قوتابخانە، نامەی هەڕەشە ئامێز بۆ مامۆستا یان هاوڕێکانی دەنوسێت، یاخود هەڕەشە بە شێوەی زارەکی لە هاو پۆلەکانی) دەکات. هەروەها هەرزەکاران شەڕانگێزی جەستەیی بەکاردەهێنن لە ڕێگەی شەڕ و ئاژاوە بە شێوەیی تاك یاخود گروپ لەگەڵ هاوڕێکانیان لە ناو قوتابخانەوە و دەروەی قوتابخان، لە هەندێك دۆخیشدا هەرزەکار پەنا دەباتە بەر سزادانی و زیانگەیاندن بە کەلوپەلەکانی خۆیی. واتە شەڕانگێزی ڕوو خود ئەنجام دەدات. بەتایبەت کاتێك هەرزەکار ناتوانێت شەڕانگێزیەکی ئاڕاستەی دەرەوە بکات بە هەر هۆیەك بێت(ثلجة، 2019-2020، ص48).

**8. چوارچێوەی میتۆدی بواری توێژینەوەکە**

**1.8. میتۆدی توێژینەوەکە - منهج الدراسة-** Study Method

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری. کە تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کۆ دەکرێتەوە و بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕوو. بەئامانجی ئەوەی واقیعی پەیوەندی و جیاوازی نێوان

گۆڕاوەکـان و تاکەکـانی تـوێژینەوەکە بخـاتەڕوو. بـۆ کـۆکردنەوەی داتاکـان لە کـۆمەڵگەی تـویژینەوە تـوێژەر سـوودی لە ڕووپێـوی کۆمەڵایەتی بە نموونە وەرگرتووە.

**2.8. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە- المجتمع-Community**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەش لەسەرجەم قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی سەنتەری شاری ڕانییە پێـك هـاتووە. مەبەسـتمان لە قوتابیانی ئامادەیی پۆلەکانی(10-11-12) خوێندنی بەیانیانە لە قوتابخانە حکومییەکانی سەنتەری شاری ڕانیە. بە پێـی دوایـن ئامـاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانییە بۆ ساڵی خوێنـدنی(2021-2022)لە (3786) قوتـابی ئامـادەیی پێـك هـاتووە. بە جۆرێـك سـنتەری شاری ڕانیە لە (11) قوتابخانەی ئامادەیی- خوێندنی بەیانیان پێك هاتووە.

**3.8.نموونەی توێژینەوەکە- العینة- Sample**

لەم توێژینەوەیەدا، پەنا بەراوەتە بەر نمونەی هەرەمەکی چینایەتی. بەهۆی ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لە زۆر ڕووە لە یەکتری جیاوازن، وەك " ڕەگەز، پۆل، ئاستی ئابووری خێزان، شوێنی نشتەجێبوون"؛ بۆیە نمونەکەمان لە (400) قوتابی قۆناغی ئامـادەیی پێکهـاتووە. واتە بە نـزیکەی (10%) لە کـۆی گۆمەڵگەکەمـان وەرگرتـووە، کە لە (3786) پێکهـاتووە. کە نـموونەی وەگیراو دەکاتە (378) قوتابی، بەڵام ئێمە بۆ (400) قوتابی نموونەکەمان بەرزکردۆتەوە . دوای دیـاریکردنی ژمـارەی قوتابیـانی هەر قوتابخانەیەك، نموونەکەمان وەرگتووە. بەم شێوەیە کۆی گشتی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە × قەبارەی نموونەکە / کۆی گشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان = نوونەی لەو قوتابخانە ، دواتـر بە شـێوەی هەڕەمەکـی بە لەبەرچـاو گرتنـی ژمـارەی قوتابیـان بە پێـی پۆلەکان نموونەکە وەرگیراوە.

**خشتەی (1) کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئامادەییەکان | کوڕ | کچ | کۆمەڵگە | نموونە |
|---|---|---|---|---|
| سۆرانی تێکەڵاو | 62 | 116 | 178 | 19 |
| سەید امینی کچان | | 158 | 158 | 17 |
| ڕاپەڕینی تێکەڵاو | 132 | 259 | 391 | 41 |
| 5 ئازاری کوڕان | 424 | | 424 | 45 |
| ئالان تێکەڵاو | 196 | 438 | 634 | 67 |
| پەیامی تێکەڵاو | 113 | 127 | 240 | 25 |
| ڕانیەی کچان | | 371 | 371 | 39 |
| داهێنی تێکەڵاو | 105 | 100 | 205 | 22 |
| کێوەڕەشی تێکەڵاو | 168 | 307 | 475 | 50 |
| سەفینی تێکەڵاو | 183 | 234 | 417 | 44 |
| کۆبانی تێکەڵاو | 109 | 184 | 293 | 31 |
| کۆی گشتی | 1492 | 2294 | 3786 | 400 |

**9. ئامڕاز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە**

**1.9.پێوەری شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی**

**أ. وەسفی پێوەرەکە:** بۆ پێوانەکردنی شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی، توێژەر سوودی لە چەند سـەرچاوەیەکی جیـاواز وەرگرتـووە. بە جۆرێك برگەکانی شێوازەکانی " پشتگوێخستن، سەپێنەر، نازپێدان-زیادەپارێزە، جیاکاری" سوود لە (الغدانی، 2014) وەرگیراوە بە گۆڕانکارییەوە. هەروەها بڕگەکانی شێوازی" دیمۆکراسی" سوود لە (الجبرینی، 2018) وەرگیراوە بە گۆڕانکارییەوە. هەروەها شێوازی " دڵڕەقی - سزادانی جەستەی" لە (مقحوت ، 2014) وەرگیراوە بە گۆڕانکـارییەوە. هاوکـات سـوود لە ڕای شـارەزایان و پسـپۆڕانیش وەرگیراوە. توێژەر بە شێوەی سەرەتایی پێوەرکەی لە "44" بڕگە پێکهاتووە.

**ب. تایبەتمەندییەکانی سایکۆسۆسیۆمەترییەکان**

**1. ڕاستێتییەتی ڕواڵەتی - صدق الظاهري- Face Validity:** بۆ ئەمە مەبەستەش توێژەر بڕگەکانی پێوەرەکەی بە شێوەیەکی سەرەتایی ئاڕاستەی"10" شارەزاو پسپۆڕی کۆمەڵناسی و دەرونزانی کرد، وەکو کردارێك بۆ دەرهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەتی و دڵنیابوون لە ئاستی دروستی و گونجاوی و پاراوی لە ڕووی زمانەوانی پێوەرکە. بە جۆرێك توێژەر هەر بڕگەیەك لەو بڕگانەی (80%) ی شارەزایان و پسپۆڕان پەسەندیان کردووە بە گونجاو دای ناوە و لەم ڕێژەیە کەمتر لادراوە. لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنیان (4) بڕگە لادراوە و (40) بڕگەش بە گونجاو دانراوە.

**2. جێگری - الثبات- Reliability:** لەم توێژینەوەیەدا، بە دوو ڕێگا " دووبارە تاقیکردنەوە، چۆنایەتی ناوخۆیی" جێگری بۆ پێوەری شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی دەرکراوە، کە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی لە خوارە خراوەتە ڕوو:

* **ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە - test retest:** بۆ دەرهێنانی جێگری پێوەرکە. توێژەر پشتی بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە بەستووە. بە ئامانجی دەرهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەکانی لە جێبەجێکردنی دووەم بە هەمان ڕێگا. بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نموونەیەکی(25) کەسی وەرگرتووە، بە ڕەچاوکردنی گۆڕاوەکانی " ڕەگەز، تەمەن" دوای ( 16) ڕۆژ جارێکی تر توێژەر هەمان پێوەری بەسەر هەمان نموونەی دابەشکرد. دواتر لە ڕێگەی " پەیوەستی پێرسۆنەوە" ڕێژەی جێگری پێوەرەکە دەستنیشانکرا، کە بریتییە لە (0.822) ئەم ڕێژەیەش ئاستێکی بەرزی جێگری پێوەرکە نیشاندەدات

* **چۆنایەتی ناوخۆیی-الاتساق الداخلي- Internal Consistency:** سوودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ وەرگرتووە. چونکە ئەم هاوکۆلکەیە گونجاوە بۆ نیشاندانی ئاستی جێگری پێوەرەکە. بۆیە توێژەر پێوانەی جێگری بە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ بۆ هەر شێوازێك لە پێوەری شێوازەکانی پەروەری خێزانی کرد. لە ڕێگای وەرگرتنی زانیارییەکان لە هەمان نموونەی جێبەجێکردنی یەکەم لە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە. وەکو لە خشتەی (2)دەبینرێت، بەهای ئەڵفای کرۆنباخ لە تەوەرەکانی (دیمۆکراسی، جیاکاری و دڵڕەقی) گەورەترە لە (0.800) بە ئاستێکی بەرزی جێگیری دادەنرێت. بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ تەوەری پشتگوێخستن بریتییە لە (0.724) کە بە ئاستێکی باشی جێگیری دادەنرێت، هەروەها بەهای ئەلفای کرۆباخی پێوەرەکانی (سەپێنەر، نازپێدان) گەورەترە لە (0.600) کە بە ئاستێکی گونجاو لە جێگیری دادەنرێت. بەم شێوەیە هیچ یەك لە بڕگەکانی پێوەرەکە نەسڕانەوەو هەموو بڕگەکان وەکو خۆیان مانەوە.

**خشتەی (2) بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ پێوەری شێوازەکانی پەروەردە نیشان دەدات**

| ناونیشانی تەوەر | ژمارەی بڕگە | ئەلفای کرۆنباخ |
|---|---|---|
| شێوازی دیمۆکراسی | 8 | 0.830 |
| شێوازی سەپێنەر | 6 | 0.644 |
| شێوازی نازپێدان " زێدەپارێزی" | 5 | 0.670 |
| شێوازی پشتگوێخست | 6 | 0.724 |
| شێوازی جیاکاری | 7 | 0.886 |
| شێوازی دڵڕەقی" سزادانی جەستەیی" | 6 | 0.820 |

**2.9. پێوەری ڕەفتاری شەڕانگێزی**

**أ. وەسفی پێوەرکە:** بۆ پێوانەکردنی ڕەفتاری شەڕانگێزی، توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز وەرگرتووە. بە جۆرێك بڕگەکانی شێوەی "شەڕانگێزی جەستەیی ، شەڕانگێزی زارەکی" سوود لە(سلمي،2014-2015) وەرگیراوە بە گۆڕانکارییەوە. هەروەها بڕگەکانی شێوە" شەڕانگێزی ڕوو و خود" سوود توێژینەوەکانی پێشوو و ڕای شارەزایان و پسپۆڕانیش وەرگیراوە. توێژەر بە شێوەی سەرەتایی پێوەرکەی لە (32) بڕگە پێکهاتووە.

**ب. تایبەتمەندییەکانی سایکۆسۆسیۆمەترییەکان**

**1. ڕاستێیەتی ڕواڵەتی - صدق الظاهري- Face Validity :** بۆ ئەمە مەبەستەش توێژەر بڕگەکانی پێوەرەکەی بە شێوەیەکی سەرەتایی ئاڕاستەی(10) شارەزاو پسپۆڕی کۆمەڵناسی و دەرونزانی کرد. وەك کردارێك دەرهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەتی و دڵنیابوون لە ئاستی دروستی و گونجاوی و پاراوی لە ڕووی زمانەوانیەوە. بە جۆرێك توێژەر هەر بڕگەیەك لەو بڕگانەی (80%) ی شارەزایان و پسپۆڕان پەسەندیان کردووە بە گونجاویان دا ناوە و لەم ڕێژەیە کەمتر لادراوە. لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنیان (4) بڕگە لادراوە و (28) بڕگەش بە گونجاو دانراوە.

**2. جێگری - الثبات- Reliability :** دەرهێنانی جێگری بۆ پێوەری "ڕەفتاری شەڕانگێزی" سوود لە دوو ڕێگە وەرگیراوە" ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە، چۆنایەتی ناوخۆیی" وەك لە خوارە هەنگاوەکانی جێبەجێکردن خراوەتە ڕوو:

*** ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە - test re-test:** بەهەمان شێوەی پێوەری شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی، توێژەر پشتی بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە بەستووە. بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نموونەیەکی"25" کەسی وەرگرتووە، بە ڕەچاوکردنی گۆڕاوەکانی " ڕەگەز، تەمەن" دوای (16) ڕۆژ جارێکی تر توێژەر هەمان پێوەری بەسەر هەمان نموونەی دابەشکرد. دواتر لە ڕێگەی " پەیوەستی پێرسۆنەوە" ڕێژەی جێگری پێوەرەکە دەستنیشانکرا، کە بریتییە لە (0.897) ئەم ڕێژەیەش ئاستێکی بەرزی جێگری پێوەرکە نیشاندەدات. لە خشتەی "" ووردەکاریەکانی ئەنجامدانی خراوەتەڕوو.

*** چۆنایەتی ناوخۆیی-الاتساق الداخلي- Internal Consistency:** لە پەیوەندیی لەگەڵ جێگیری پێوەری ڕەفتاری شەڕانگێزی، بە هەمان شێوەی پێوەری شێوازەکانی پەروەردە سوودمان لە ئەلفای کرۆنباخ وەرگرت، کە تێدا بەهای ئەلفای کرۆنباخی تەوەرەکانی پێوەرەکە بریتی بوون لە: شەڕانگێزی جەستەیی (0.869) و زارەکی (0.824) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری دادەنرێت و بەهای ئەلفای کرۆنباخی شەڕانگێزی ڕووەوخود، بریتی بوو لە (0.708) کە بە ئاستێکی باشی جێگیری دادەنرێت. بەم شێوەیە هیچ یەك لە بڕگەکان نەسڕانەوە و پێوەرەکە وەکو خۆی مایەوە.

**خشتەی (3) بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ پێوەری ڕەفتاری شەڕانگێزی نیشان دەدات**

| ناونیشانی تەوەر | ژمارەی بڕگە | ئەلفای کرۆنباخ- Cronbach's A |
|---|---|---|
| شەڕانگێزی جەستەیی" ماددی" | 9 | 0.869 |
| شەڕانگێزی زارەکی | 10 | 0.824 |
| شەڕانگێزی ڕووەو خود | 7 | 0.708 |

**3.9. فیتکردنی مۆدیلی توێژینەوەکە:** بە مەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان و گۆڕاوی شوێنکەوتوو، بە پشت بەستن بە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە مۆدیلێکی تیۆریمان دارشت، کە لە گۆڕاوە سەربەخۆکان و گۆڕاوی شوێنکەوتوو پێکهاتبوو. بە مەبەستی دڵنیابوون لە گونجاوی مۆدیلەکە، پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" "Goodness- of- Fit" لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرا. پاش سڕینەوەی بڕگەکانی (6) لە بواری شێوازی پەرەوەردەی دیمۆکراتی، بڕگەکانی (2) لە بواری پەروەردەی سەپێنەر و بڕگەی (3) لە بواری پەروەردەی پشتگوێخستن، بڕگەی (2 و 3) لە پێوەری زێدەپارێزی-نازپێدان، بڕگەی (1) لە بواری پەروەردەی جیاکاری. هەروەها بڕگەکانی (4 و 6 و 7) لە شەڕانگێزی زارەکی و بڕگەکانی (2 و 3 و 5) لە بواری شەڕانگێزی ڕووەوخود، مۆدێلەکەمان فیت بوو. مەرجەکانی فیتبوونی بەدەست هێنا وەکو لە خشتەی (4)دا دەبینرێت، بە چەشنێك کە: CMIN\DF=2.349 و PNFI=0.697 ، IFI=0.903 ، RAMSEA=0.058 ، CFI=0.901.

**خشتەی (4): نیشاندەرەکانی گونجاوبوونی مۆدیلەکە نیشان دەدات**

| دۆخی مۆدیل | بەهای مۆدیل | بەهای داواکراو | نیشاندەر |
|---|---|---|---|
| - | - | P-value> 0.05 | X2 (Chi square) |
| زۆرباش | 2.349 | <5.0 | CMIN\DF |
| پەسندە | 0.836 | >0.90 | GFI (goodness of fit index) |
| زۆرباش | 0.901 | >0.90 | CFI (confirmatory factor analysis) |
| زۆرباش | 0.058 | <0.08 | RMSEA (Root Mean Square Error of Approximation) |
| پەسندە | 0.840 | >0.90 | *NFI (Normed fit index)* |
| پەسندە | 0.820 | >0.90 | RFI (parsimony normed fit index) |
| زۆرباش | 0.903 | >0.90 | IFI (Incremental Fit Index) |
| زۆرباش | 0.697 | >0.5 | PNFI (parsimony normed fit index ) |
| زۆرباش | 0.779 | >0.5 | PCFI (parsimony comparative fit index ) |
| باشە | 0.801 | >0.80 | AGFI (Adjusted Goodness of Fit Index) |

**10.گەنگەشەکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی ئامانجەکان.**

**ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی ئاستی شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی لای بەشدارانی نموونی توێژینەوەکە.**

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی، سوودمان لە تاقیکردنەوەی "t" بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ "one-Samples t-test" وەرگرت، کە وەکو لە خشتەی(5) دەبینرێت:

١. پەروەردەی "دیموکراسی" ؛ بەهای(t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای(t) خشتەی. هەروەها ئاستی گومان توێژینەوەکە بچوکترە لە (0.05). بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ناوەندی ژمێرەی پێوەرەکەو ناوەندی گریمانەیی هەیە، بەسەرنجدان بەوەی، کە ناوەندی ژمێرەی پێوەرەکە ( 29.35) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی(21). هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆ نموونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێن بەشدارانی نموونەکە پێیان وایە بەشێوەیەکی دیموکراسی پەروەردە کراون.

٢. پەروەردەی "سەپێنەر"؛ بە سەرەنجدان بەوەی کە (P-Value=0.000) دەتوانین بڵێن جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی (10.913) و ناوەندی گریمانەیی(15). بەڵام بە سەرنجدان بەوەی ناوەندی ژمێرەیی لە ناوەندی گریمانەیی بچوکترە؛ بۆیە هۆکاری جیاوازییەکە بۆ ناوەندی گریمانەی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەو واتایەی، کە بەشدارانی نموونەکە بەشێوەیەکی بەڵگەدار رووبەڕووی پەروەردەیەکی سەپێنەر نەبوونەتەوە.

٣. سەبارەت بە پەروەردەی "پشتگوێخستن"؛ وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت، (P-Value=0.000) و بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی؛ بۆیە دەتوانین بڵێن جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی (7.600)و ناوەندی گریمانەیی (15). بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی؛ بۆیە هۆکاری جیاوازییەکە بۆ ناوەندی گریمانەی دەگەڕێتەوە. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، کە بەشدارانی نموونەکە بە گشتی رووبەڕووی پەروەردەی پشتگوێخستن نەبوونەتەوە.

4. لە پەیوەندیی لەگەڵ پەروەردەی "زێدەپارێزیدا- نازپێدان"؛ وەك لە خوارەوە دەبینرێت، بەهای بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value=0.000)، کە بچوکترە لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە؛ بۆیە جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەی لەڕووی ئامارییەوە بەڵگەدارە، بە سەرەنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەی (11.943) گەورەترە لە

ناوەندی گریمانەیی (9). بۆیە هۆکاری جیاوازییەکە بۆ ناوەندی ژمێرەیی دەگەڕێتەوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە بەشدارانی نموونەکە پێیانوایە بەشێوەیەکی زێدەپارێزی- نازپێدان پەروەردەکراون.

٥. سەبارەت بە پەروەردەی " جیاکاری" و " توندوتیژی جەستەیی"؛ وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت، لە هەر دوو شێوازەکەدا بەها (t) دەرهێنراو گەورەترە لە (t) خشتەیی و (P-Value=0.000)، ئەمەش بە مانایە کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی هەیە. بە سەرنجدان بەوەی، کە ناوەندی گریمانەیی (18) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە بەشدارانی نموونەکە پێیانوانیە کە پەروەردەکەیان لە شێوازی جیاکاری یان توندوتیژی جەستەیی بووبێت. واتە بە شێوەیەکی گشتی بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە. شێوازی پەروەدەی "دیموکراسی و زێدە پارێزی- نازپێدانیان" لەلایەن خێزانەکانیانەوە بەرامبەر پەیڕەو کراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە بە شێك لە بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە شێوازەکانی پەروەردەی " سەپێنەر، پشتگوێخستن، جیاکاری، دڵڕەقی- سزادانی جەستەیی" لە لایەنە خێزانەکانیانەوە بەرامبەر پەیڕەو نەکرابێت.

**خشتەی (5): ئاستی جۆرەکانی پەروەردە لای بەشدارانی نموونەکە نیشان دەدات**

| شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| دیموکراسی | 29.35 | 21 | 5.849 | 0.000 | 28.544 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| سەپێنەر | 10.913 | 15 | 4.404 | 0.000 | 18.561 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| پشتگوێخستن | 7.600 | 15 | 3.771 | 0.000 | 39.247 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| زێدەپارێزی- نازپێدان | 11.943 | 9 | 3.015 | 0.000 | 16.470 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| جیاکاری | 9.590 | 18 | 4.454 | 0.000 | 37.765 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| سزادانی جەستەیی | 9.355 | 18 | 4.901 | 0.000 | 35.275 | 1.966 | بەڵگەدارە |

N= 400 DF= 399

**ئامانجی دووەم: پێوانەکردنی ئاستی شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە.**

بە مەبەستی پێوانەکردنی شێوەکانی ڕەفتاری شەڕەنگێزی" جەستەیی- ماددی، ڕووەوخود، زارەکی" لای بەشدارانی نموونەکە، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ (one-Samples t-test) وەرگرت، کە وەکو لە خشتەی (6) دەردەکەوێت. لە هەر سێ شێوەکەدا، بەها(t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و(P-Value=0.000) کە لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05) بچوکترە. ئەمەش نیشان دەدات کە لە هەر سێ شێوازەکەدا جیاوابیەکی بەڵگەداری ئاماری بوونی هەیە. بە سەرنجدان بەوەی، کە ناوەندی ژمێرەیی لە ناوەندی گریمانەیی بچوکترە؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە بەشێوەیەکی گشتی هیچ یەك لە شێوەکانی ڕەفتاریشەڕانگێزی بەشێوەی بەڵگەداری ئاماریی لای بەشدارانی نموونەکە بوونی نەبوو. واتە ڕەفتاری شەڕانگێزی نەبۆتە دیاردە، بەڵام رەفزی ئەوە ناکات، کە شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای بەشێك لە نموونەکە بوونی هەبێت.

**خشتەی (6) ئاستی جۆرەکانی شەڕەنگێزی لای بەشدارانی نموونەکە نیشان دەدات**

| شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| شەڕانگێزی جەستەیی- | 19.67 | 27 | 9.149 | 0.000 | 16.023 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| شەڕانگێزی ڕووەوخود | 7.103 | 12 | 3.503 | 0.000 | 27.942 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| شەڕانگێزی زارەکی | 13.730 | 21 | 6.650 | 0.000 | 13.730 | 1.966 | بەڵگەدارە |

**ئامانجی سێیەم: کاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافي (ڕەگەز) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**أ. کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی:** بە مەبەستی دەست نیشانکردنی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ( Independent Samples t-Test) وەرگرت، کە تێدا ناوەندی ژمێرەیی هەر دوو رەگەزی نێر و مێ پێکەوە بەراورد دەکات. وەکو لە خشتەی (7) دەبینرێت:

١. پەروەردەی دیموکراسی: بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.000) و بەهای (t) دەرهێنراو (4.138) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ناوەندی ژمێرەیی رەگەزی مێ (30.46) گەورەترە، لە ناوەندی ژمێرەی بەدەستهاتوو بۆ رەگەزی نێر (28.09). بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە ڕەگەزی مێ، زیاتر لەڕەگەزی هەست بەوە دەکەن، کە بە شێوەی دیموکراسی پەروەردە کراون.

٢. پەروەردەی سەپێنەر: بە هەمان شێوەی سەرەوە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان هەردوو رەگەزەکەدا هەیە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کە (P-Value=0.000) و بەهای (t) دەرهێنراو (5.679) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966)، ئەم جیاوازییە هۆکارەکەی بۆ رەگەزی نێر دەگەڕێتەوە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر (12.19) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی مێ (9.78). ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە بواری پەروەردەی سەپێنەردا، رەگەزی نێر زیاتر هەست بەم جۆرە لە پەروەردە دەکەن.

٣. پەروەردەی پشتگوێخستن: بە هەمان شێوەی پەروەردەی سەپێنەر، لەم جۆرە لە پەروەردەشدا رەگەزی نێر بەشێوەیەکی بەڵگەدار زیاتر هەست بەم جۆرە لە پەروەردەیە دەکەن. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000) و بەهای (t) دەرهێنراو (3.702) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966).

٤. پەروەردەی زێدەپارێزی -نازپێدان: لەم جۆرە لە پەروەردەش ڕەگەزی مێ، زیاتر لە ڕەگەزی نێر هەستیان بە زێدەپارێزی کردوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.001) و بەهای (t) دەرهێنراو (6.098) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966). هەروەها ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی مێ بریتییە لە (12.31) کە گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر (10.55).

٥. سەبارەت بە پەروەردەی جیاکاری؛ وەکو لە خشتەی خوارەو دەبینرێت. لەم جۆرە لە پەروەردەش ڕەگەزی نێر، زیاتر لە رەگەزی مێ هەستیان بە جیاکاری کردوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.010) و بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە، لە بەهای (t) خشتەیی (1.966). هەروەها ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی مێ.

٦. پەروەردەی توندوتیژی جەستەیی: لە بابەتی توندوتیژی جەستەیدا ڕەگەزی نێر بەشێوەی بەڵگەداری ئاماری زیاتر لەڕەگەزی مێ هەستیان بەم جۆرە لە پەروەردە کردوە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000) و بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966). هەروەها ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی مێ. ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەکانی هەریەك لە (2003,Tina.H) و (الجباری، 2012) یەك دەگرێتەوە. کە بەو ئەنجامە گەیشتن، کە ڕەگەزی نێر زیاتر توندوتیژی و سزای جەستەیی لە لایەن خێزانەکانیانەوە بەرامبەر ئەنجام داروە.

**خشتەی (7) رۆڵی گۆڕاوی رەگەز لەسەر شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی نیشان دەدا**

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | ژمارەی نموونە | | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| دیموکراسی | نێر | 188 | 28.09 | 2.38 | 6.417 | 0.000 | 4.138 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 212 | 30.46 | | 5.053 | | | | |
| سەپێنەر | نێر | 188 | 12.19 | 2.41 | 4.845 | 0.000 | 5.679 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 212 | 9.78 | | 3.624 | | | | |
| پشتگوێخستن | نێر | 188 | 8.33 | 1.38 | 4.004 | 0.000 | 3.702 | 1.966 | بەڵگەدارە |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | من | 212 | 6.95 | | 3.434 | | | | |
| زێدەپارێزی | نێر | 188 | 10.55 | 1.76 | 3.472 | 0.000 | 6.098 | 1.966 | بەڵگەداره |
| | من | 212 | 12.31 | | 2.243 | | | | |
| جیاکاری | نێر | 188 | 10.18 | 1.11 | 4.537 | 0.013 | 2.492 | 1.966 | بەڵگەداره |
| | من | 212 | 9.07 | | 4.323 | | | | |
| توندوتیژی جەستەیی | نێر | 188 | 11.16 | 3.42 | 6.013 | 0.000 | 7.409 | 1.966 | بەڵگەداره |
| | من | 212 | 7.75 | | 2.806 | | | | |

df= 398 N= 400

**ب. کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی:** بە مەبەستی دەست نیشانکردنی کاریگەری گۆڕاوی دێمۆگرافی ڕەگەز لەسەر شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ( Independent Samples t-Test) وەرگرت" کە تێدا ناوەندی ژمێرەیی هەر دوو ڕەگەزی نێر و من پێکەوە بەراورد دەکات. وەکو لە خشتەی (8) دەبینرێت:

١. شەڕانگێزی "جەستەیی- ماددی" و "شەڕانگێزی زارەکی"؛ لای ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی من. ئەمەش بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی (P-Value=0.000) و بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی "1.966". هەروەها ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر لە هەر جۆرەکەدا گەورەترە لە ڕەگەزی من. ئەمەش لەگەڵ هەر یەك لە توێژینەوەکانی (الجباری، 2012)، (بن زغموش و فاطیمة، 2013)، (Cruz and other,2014) یەکدەگرێتەوە، کە بەهەمان ئەنجام گەیشتوون. بەڵام پێچەوانەی توێژینەوەکەی (فیصل، 2016)یە، کە گەیشتووە بەوەی کە گۆڕاوی "ڕەگەز" هیچ ئاماژەیەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزی جەستەیی و زارەکی نیە.

٢. سەبارەت بە شەڕانگیزی ڕووەوخود؛ هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نیە، ئەمەش بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05) و هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو"0.576" بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی "1.966"..

**خشتەی (8) کاریگەری گۆڕاوی دێمۆگرافی ڕەگەز لەسەر شێوەکانی شەڕانگێزی نیشان دەدات**

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p-value | بەهای "ت" | | بەڵگەداره |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| شەڕانگێزی زارەکی | نێر | 188 | 21.49 | 5.29 | 7.941 | 0.000 | 7.810 | 1.966 | بەڵگەداره |
| | من | 212 | 16.21 | | 5.501 | | | | |
| شەڕانگێزی جەستەیی- | نێر | 188 | 24.34 | 8.80 | 9.802 | 0.000 | 10.647 | 1.966 | بەڵگەداره |
| | من | 212 | 15.53 | | 6.047 | | | | |
| شەڕانگێزی ڕووەو خود | نێر | 188 | 7.21 | 0.21 | 3.600 | 0.000 | 0.590 | 1.966 | بەڵگەدار نیە |
| | من | 212 | 7.00 | | 3.424 | | | | |

df= 398 N= 400

**ئامانجی چوارەم: کاریگەری شێوازی پەروەردەی خێزانی لەسەر شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی**

بە مەبەستی دەستنیشان کردنی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان سوودمان لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی " Structural Equation Modeling –SEM" وەرگرت، کە بە پرۆگرامی "AMOS – Analysis Moment Structures" جێبەجێ کراوە. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner)، کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێت تا کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ بکات. وەکو لە خشتەی (9) دەردەکەوێت:

**1. دڵڕەقــی - ســزادانی جەســتەیی:** كــاریگەرییەكی بەڵــگەداری ئامــاری لەســەر ڕەفـتاری شــەڕانگێزی "زارەكــی" هەیە. بە بــڕی (0.816) لادانــی پێــوەری. واتە بە زیــاد كردنــی هەر لادانێكــی پێــوەری لە شــێوازی پەروەردەی دڵڕەقــی- ســزادانی جەســتەیی، بــڕەی (0.816) لادانــی پێــوەری زیــادبوون لە ڕەفـتاری شــەڕانگێزی زارەكــی ڕوودەدات و بە پێچەوانەكەشــی ڕاســتە. ئەمەش لەگەڵ تــوێژینەوەكەی (الجبــاري، 2012) یەكــدەگرێتەوە. كە گەیشــتووە بەو ئەنجــامەی، كە پەیوەنــدیەكی بەڵگەداری ئاماری ڕاستەوانە لە نێوان " شێوازی پەروەردەی توند_ سزادانی جەستەیی" ڕەفتاری شەڕانگێزی هەیە.

هەروەهــا لەگەڵ تیــۆری (نائومێــدی دولارد و مــیللەر) یەكــدەگرێتەوە. كە پێیــان وایە كاتێــك تــاك ڕووبەڕووی تونــدوتیژی و شــێوازی ســزاندنی جەســتەیی تونــد دەبێــتەوە لە لایەن خێــزانەكەیەوە توشــی نائوێــدی و تێشــكان دەبێــت. ئەم نــا ئومێــدی و تێشــكانە فــاكتەر بــۆ دەركەوتنــی ڕەفـتاری شــەڕانگێزی بە شــێوەی زارەكــی یــاخود جەســتەیی، كە ڕەنــگە ڕەفـتاری شــەڕانگێزیەكەی لەنــاو ژینــەگەی خێــزان ئەنجــام نەدات، بەڵام لە ژینــگەی دەرەوەی خێــزان ئەنجــامی دەدات. هاوكــات لەگەڵ تیــۆری( فێربــوونی كــۆمەڵایەنی- ئەلبێــرت بانــدۆر) یەك دەگــرێتەوە" كە پێــی وایە "ئەو خێزانــانەی هەڵدەســتن بە بەكارهێنــانی ســزای جەســتەیی، وەك ئامرازێــك یــان هــۆیەكی ســەرەكی لە گەشــەپێدان و پەروەردەكــردی منداڵــدا، ئەمەش هۆكــارێكە بــۆ پێــدانی نمــوونەیەكی ڕەفـتاری شــەڕانگێزی بە تــاك، كە لاســایی دەكــاتەوە، ڕەنــگە ڕەفـتارە شــەڕانگێزیەكەی لەنــاو ژینــگەی خێــزان ئەنجــام نەدات، بەڵام ڕەنــگە ڕەفـتارە شــەڕانگێزییەكەی بە شــێوەی " زارەكــی یــاخود جەســتەیی" زیــاتر دەربخات، لە میانی تێكەڵاوی و كارلێكی لەگەڵ كەسانی تر لە دەرەوەی ژینگەی خێزان".

**2. پەروەردەی سەپێنەر:** كاریگەرییەكی بەڵگەداری ڕاستەوانەی لەسەر ڕەفـتاری شـەڕانگێزی" ڕووەوخـود" هەیە. بە بـڕی (0.588) لادانی پێـوەری. ئەمەش بەو واتـایەی، كە بە زیـادبوونی هەر لادانێكـی پێـوەری لە پەروەردوەردەی سـەپێنەر بـڕی (0.588) لادانی پێـوەری زیـادبوون لە ڕەفـتاری شـەڕانگێزی ڕووەوخـود ڕوودەدات، بە پێچەوانەكەشی ڕاسـتە، واتە بە كەمبـوونەوەی یەك لادانی پێوەری لە پەرەوەردەی سەپێنەر، بڕی (0.588) لادانی پێوەری كەمبوونەوە لە شەڕانگێزی ڕووەوخود دروست دەبێت.

ئەمەش لەگەڵ تـوێژینەوەكەی (Cruz and other, 2014) یەك دەگـرێتەوە، كە بەهەمـان شـێوە گەیشتووە بەو ئەنجـامەی، كە پەیوەندیەكی ڕاستەوانە لە نێوان شێوازی پەروەردەی دیكتاتۆری"سەپێنەر" و شێوەكانی ڕەفتاری شەڕانگێزی هەیە. بەڵام پێچەوانەی توێژینەوەكەی(انزابي و دیگران، 20011)، كە بەو ئەنجامە گەیشتوون، هـیچ پەیوەنـدییەكی بەڵـگەداری ئامـاری لە نێـوان شـێوازی پەروەردەی "سەپێنەرانە" و شێوەكانی ڕەفتاری شەڕانگێی نییە. هاوكات لەگەڵ تیۆری (دروونشیكاری فرۆید) یەكـدەگرێتەوە. فرۆیـد پێوایە كاتێك خێزان شێوازی پەروەردەی" توندوتیژ، یاخود سەپێنەر" پەیـڕەو دەكـات "منـی بـاڵا" زیـاد لە پێویسـت كـۆنترۆڵی حەزە زگماكییەكانی تاك دەكات. ئەوەش پاڵنەری سەرەكییە بۆ دەركەوتنـی ڕەفـتاری شـەڕانگێزی. لەم باردۆخەشـدا تـاك شـەڕانگێزییەكی ڕوەو خودی خۆی ئەنجام بدات.


**3. پەروەردەی جیاكاری:** كاریگەرییەكی بەڵگەداری ڕاستەوانەی لەسەر ڕەفـتاری شـەڕانگێزی "ڕووەوخـود" هەیە. بە بـڕی (0.497) لادانی پێوەری. ئەمەش بەو واتایە، كە بە زیادبوونی هەر لادانێكـی پێـوەری لە پەروەردەی جیاكـاری، بـڕی (0.497) لادانـی پێـوەری زیادبوون لە شەڕانگێزی ڕووەوخود ڕوودەدات و بە پێچەوانەكەشی ڕاستە. ئەمەش لەگەڵ تیۆری " نائومێدی دوڵارد و مـیللەر" یەك دەگرێتەوە. پیانوایە كاتێك تاك ڕووبەڕووی پەروەردەی "جیاكاری" دەبێت تووشـی نائومێـدی و تێشـكان دەبێـت. ئەمە نائومێـدیەش دەبێـتە هـۆی دەركەوتنـی ڕەفـتاری شـەڕانگێزی، بە هـۆی ئەوەی ناتوانێـت شـەڕانگێزیەكەی بەرامـبەر سـەرچاوەی نائوێـدیەكەی ئەنجامبدات. ئەوا ڕەفتاری شەڕانگێزیەكەی ڕوو و خود دەكات بە شێوەی شەڕانگێزی یاخود سەرزەنشت و ڕقلێبوونەوە لە خود.

4. سـەبارەت بە كـاریگەری شـێوازەكانی (دیموكراسـی بـۆ شـەڕانگێزی زارەكـی و جەسـتەیی و ڕووە و خـود) ، (پشتگوێخسـتن بـۆ شەڕانگێزی زارەكی و جەستەیی و ڕووە و خود)، (زێدەپارێزی بـۆ شـەڕانگێزی زارەكـی و ڕووە و خـود و جەسـتەیی)، (سـەپێنەر بـۆ شەڕانگێزی زارەكی، سەپێنەر بۆ شەڕانگێزی جەستەیی) و ( سزادانی جەستەیی بۆ شەڕانگێزی جەستەیی و ڕووە و خود)، ( جیاكـاری

بۆ شەڕانگێزی زارەکی و جەستەیی) هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بوونی نییە. ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05).

**خشتەی (9) کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوە شوێنکەوتوەکان**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| دیموکراسی ---> شەڕانگێزی زارەکی | 0.057 | 0.900 |
| سەپێنەر ---> شەڕانگێزی زارەکی | -0.348 | 0.186 |
| پشتگوێخستن --->شەڕانگێزی زارەکی | 1.103 | 0.072 |
| زێدەپارێزی-نازپێدان -> شەڕانگێزی زارەکی | 0.362 | 0.302 |
| جیاکاری ---> شەڕانگێزی زارەکی | -0.005 | 0.975 |
| دڵڕەقی- سزادانی جەستەیی-->شەڕانگێزی زارەکی | 0.816 | 0.000 |
| دیموکراسی ---> شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی | 0.421 | 0.081 |
| سەپێنەر ---> شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی | 0.124 | 0.479 |
| پشتگوێخستن ---> شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی | -0.057 | 0.869 |
| زێدەپارێزی-نازپێدان--> شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی | -0.333 | 0.154 |
| دڵڕەقی-سزادانی جەستەیی--> شەڕانگێزی جەستەیی- | -0.018 | 0.905 |
| جیاکاری ---> شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی | -0.186 | 0.124 |
| دیموکراسی ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | -0.077 | 0.860 |
| سەپێنەر ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | 0.588 | 0.022 |
| پشتگوێخستن ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | -0.512 | 0.335 |
| زێدەپارێزی- نازپێدان ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | -0.129 | 0.700 |
| جیاکاری ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | 0.497 | 0.013 |
| دڵڕەقی-سزادانی جەستەیی ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | -0.427 | 0.060 |



**وێنەی (1) مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە ـ لەلایەن توێژە**

بە مەبەستی تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە مۆدیلەکەدا، لەسەر مۆدیلەکە دوو گرووپی نێر و مێمان پێناسەکرد و پاشان جیاوازییەکانمان بەراورد کرد. کە لە خشتەی (10) ئەنجامەکانی خراونەتەڕوو:

١. لە ڕێگاکان (دیموکراسی بۆ شەڕانگێزی زارەکی، پشتگوێخستن بۆ شەڕانگێزی زارەکی، زێدەپارێزی- نازپێدان بۆ شەڕانگێزی زارەکی، جیاکاری بۆ شەڕانگێزی زارەکی، دڵڕەقی -سزادانی جەستەیی بۆ شەڕانگێزی زارەکی، دیموکراسی بۆ شەڕانگێزی جەستەیی-

ماددی، سەپێنەر بۆ شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی ، پشتگوێخستن بۆ شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی ، زێدەپارێزی- نازپێدان بۆ شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی ، دیموکراسیبۆ شەڕانگێزی ڕووە و خود، زێدەپارێزی- نازپێدان بۆ شەڕانگێزی ڕووە و خود، پشتگوێختن بۆ شەڕانگێزی ڕووەوخود، دڵڕەق- سزادانی جەستەیی بۆ شەڕانگێزی ڕووە و خود). هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا نیە. بە چەشنێك" کە بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە ئەم ڕێگایە بەڵگەدار نیەو بەها (p-value>0.05).

٢. لە پەیوەندي لەگەڵ پەروەردەی سەپێنەردا: جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە. لەم ڕێگایەدا پەروەردەی سەپێنەر لای ڕەگەزی نێر کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر شەڕانگێزی زارەکی نییە، بەڵام لای ڕەگەزی مێ بەڵگەدارە بە بڕی (0.626) و ئاستی (P-Value=0.000). ئەم جیاوازییەش لە نێوان ئەنجامەکان بۆ ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ بەڵگەدارە، ئەمە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (***z-score=3.833 ) و بەڵگەدارە لە ئاستی (0.01).

٣. سەبارەت بە کاریگەری شێوازی پەروەردەی دڵڕەقی-سزاندی جەستەیی لەسەر شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی: وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ڕەگەزی نێردا هەیە، بە چەشنێك، کە شێوازی پەروەردەی دڵڕەقی-سزادانی جەستەیی لای ڕەگەز نێر بڕی (1.162) لادانی پێوەری دەبێتە هۆی شەڕەنگێزی جەستەیی- ماددی، بەڵام لای ڕەگەزی مێ ئەم ڕێگایە بەڵگەدار نییە.

٤. شێوازی پەروەردەی جیاکاری: بە هەمان شێوەی سەرەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوانە بە بڕی (0.477) لادانی پێوەری کاریگەری لەسەر شەڕانگێزی جەستەیی- ماددی لای ڕەگەزی نێر هەیە، بەڵام ئەم ڕێگایە بۆ ڕەگەزی مێ بەڵگەدار نییە.

٥. سەبارەت بە پەیوەندیی ڕێگای شێوازەکانی پەروەردەی (سەپێنەر و پشتگوێ خستن) بۆ شەڕانگێزی ڕووەو خود: وەکو لە خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکی بەڵگەدار لە ئاستی گومانی توێژینەوەکەدا (0.05) نیە، بەڵام لە ئاستی (0.10)دا ئەم جیاوازییە بەڵگەدار دەبێت.

**خشتەی (10) کاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

| کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتوو | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P | بڕی کاریگەر | P | |
| دیموکراسی ---> شەڕانگێزی زارەکی | -0.068 | 0.902 | -1.304 | 0.174 | -1.118 |
| سەپێنەر ---> شەڕانگێزی زارەکی | -0.041 | 0.720 | 0.626 | 0.000 | 3.833*** |
| پشتگوێخستن ---> شەڕانگێزی زارەکی | -0.068 | 0.930 | 4.054 | 0.120 | 1.534 |
| زێدەپارێزی ---> شەڕانگێزی زارەکی | 0.472 | 0.488 | 1.328 | 0.626 | 0.305 |
| جیاکاری ---> شەڕانگێزی زارەکی | 0.296 | 0.223 | -0.233 | 0.623 | -0.993 |
| سزادانی جەستەیی ---> شەڕانگێزی زارەکی | 0.579 | 0.111 | 0.635 | 0.352 | 0.073 |
| دیموکراسی ---> شەڕانگێزی جەستەیی | 0.293 | 0.617 | 0.765 | 0.587 | -0.726 |
| سەپێنەر ---> شەڕانگێزی جەستەیی | -0.315 | 0.449 | 0.765 | 0.109 | 1.705* |
| زێدەپارێزی ---> شەڕانگێزی جەستەیی | 0.305 | 0.572 | -1.708 | 0.402 | -0.955 |
| پشتگوێخستن ---> شەڕانگێزی جەستەیی | 0.259 | 0.393 | -0.324 | 0.446 | -1.116 |
| دیموکراسی ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | -0.161 | 0.699 | -0.856 | 0.381 | -0.655 |
| سەپێنەر ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | 0.022 | 0.947 | 1.873 | 0.036 | 1.941* |
| پشتگوێخستن ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | 0.292 | 0.410 | -2.850 | 0.108 | -1.739* |
| زێدەپارێزی ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | 0.199 | 0.638 | -1.221 | 0.600 | -0.601 |
| سزادانی جەستەیی ---> شەڕانگێزی ڕووەوخود | -0.131 | 0.573 | -0.995 | 0.179 | -1.115 |
| سزادانی جەستەیی ---> شەڕانگێزی جەستەیی | 1.162 | 0.031 | -1.852 | 0.074 | -2.58*** |
| جیاکاری ---> شەڕانگێزی جەستەیی | 0.477 | 0.016 | 0.131 | 0.584 | 1.961** |
| جیاکاری------> شەڕانگێزی ڕووە و خود | 0.501 | 0.343 | 0.895 | 0.077 | 1.404 |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10

**11. ئەنجامەکان**

بەســەرنجدان بەو ئامانجــانەی، کە لە میــانی تــاقیکردنەوەی ئامانجەکــانی تــوێژینەوەکە، دەســتمان کەوتــوون، ئەنجامەکــانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

**1.** بە شێوەیەکی گشتی بەشداربووانی نموونەی توێژینەکە شێوازی پەروەردەی " دیمۆکراسی و زێـدە پـارێزی- نازپێـدانیان" لەلایەنە خێزانەکانیانەوە بەرامبەر پەیڕەوکراوە. بەڵام ڕەفزی بوونی شێوازەکانی پەروەردەی (سـەپێنەر، جیاکـاری، پشتگوێخسـتن، سـزادانی جەستەیی) لای بەشێك لە بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە ناکات. هەروەها بە شێوەیەکی گشتی ڕەفتاری شەڕانێگزیش بە هەر سێ شێوەکەی( جەستەیی، زارەکی، ڕووەخود) لای بەشدارنی نموونەی توێژینەوەکە نەبۆتە دیاردە، بەڵام ئەمە واتەی ئەوە نییە، کە لای بەشێك لە بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە ڕەفتاری شەڕانگێزی بوونی نەبێت.

**2.** گۆڕاوی ڕەگەز ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، لەسەر ئەو شێوازە پەروەردەیەی خێزانـی پەیـڕەوەی دەکـات. بەجۆرێـك ڕەگەزی مـێ زیـاتر شێوازی پەروەردەی ( دیمۆکراسی و زێدەپارێزی - نازپێـدانی) بەرامەبەر پەیـڕەو کـراوە، لە کاتێکـدا ڕەگەزی نێـر زیـاتر شـێوازەکانی (سەپێنەر، جیاکاری، پشتگوێخستن، دڵڕەقی- سزای جەستەیی) لەبەرامبەر پەیڕەو کراوە. ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بـۆ ئەو کلتوور و باوەڕەی سەبارەت بە کچ و کوڕ لە کۆمەڵگەدا هەیە. بەهەمان شێوەش ڕەگەز ڕوڵی لەسەر شێوەکانی ڕەفتاری شـەڕانگێزی هەیە. بە شێوەیەك ڕەفتاری شەڕانگێزی ( جەستەیی-ماددی، زارەکی) زیاتر لە لای ڕەگەزی نێر بە بەراورد بە ڕەگەزی مـێ دەرکەوتـووە. بەڵام ئەم جیاوازیە سەبارەت بە ڕەفتاری شەڕانگێزی ( ڕووەخود) بوونی نییە.

**3.** هەریەکە لە شێوازەکانی ( سەپێنەر و جیاکاری ) بە شێوەیەکی ڕاستەوانە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی ڕووەخود. لە کاتێکدا شێوازی پەرورەدەی ( دڵڕەقی- سزادانی جەسـتەیی) بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوانە بۆتەهـۆی دەرکەوتنـی ڕەفـتار شـەڕانگێزی زارەکی. ئەمەش دەمانگەینێتە ئەوەی، کە شێوازی نادروست لە پەروەردەکردن هۆکارە بۆ دەرکەوتنی ڕەفـتاری شـەڕانگێزی، چـونکە هەر سێ شێوازی " سەپێنەر، جیاکاری، دڵڕەقی-سزادانی جەستەیی" بە شێوازێکی نەرێنی و نادروستی پەوەردەکردن دادەنرێت.

**4.** گـۆڕاوی ڕەگەز گـاریگەری لەسـەر پەیوەنـدی شـێوازی پەروەردەی خێزانـی بە شـێوەکانی ڕەفـتاری شـەڕانگێزیەوە هەیە. واتە گۆرانکـاری لەسـەر " پەیوەنـدی گـۆڕاوی سـەربەخۆ بە پاشـکۆ" کـردووە. بە جۆرێـك شـێوازی پەروەردەی "سـەپێنەر" بـۆتە هـۆی دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی زارەکی لای ڕەگەزی نێر، بەڵام لای ڕەگەزی مێ دەرنەکەوتـووە. هەروەهـا شـێوازەکانی "جیاکـاری، دڵڕەقی سزادانی جەستەیی" لای ڕەگەزی نێر بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ڕەفـتاری شـەڕانگێزی جەسـتەیی-مـاددی، بەڵام لای ڕەگەزی مێ ئەم کاریگەریە دەرنەکەتووە.

**12. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

**1. بۆ ناوەندە فەرمییەکانی پەروەردە و فێرکردن (قوتابخانە، پەیمانگاو زانکۆکان)**

**أ.** گرنگـی دان بە هۆشـیارکردنەوەی تاکەکـانی کـۆمەڵگە و ئاشـناکردنیان بە شـێوازە دروسـتەکانی پەروەردەی خێزانـی. هەروەهـا خستنەڕووی ئەو لێکەوتن و زیانانەی لە میانی پەروەردەی نادروست دەکەوێتەوە. ئەمەش لە ڕێـگەی چـالاکیە فـرە جۆرەکـانی وەك ئەنجامدانی "سیمنار و وۆرکشۆپ" و بانگێشتکردنی ئەو کەسانەی، کە پسپۆرن لەم بوارەدا.

**ب.** هەوڵدان بۆ دروست کردنی وردە کلتوری لای تاکەکانی کۆمەڵگە. بەوەی کە ڕاستە سزادان درووسـتە بـۆ ڕاسـکردنەوەی ڕەفـتارە نەخوازراوەکانی منـداڵ، بەڵام نەك سـزادانی جەسـتەیی، بەڵـکو سـزادانێك لەگەڵ قۆنـاغ و تەمەنـی و ڕەگەزی منـداڵ بگونجێـت. بەجۆرێك زیاتر سزادانی دەروونی بێـت. وەك " ئەمـرۆ نـاتوانی بچیـتە دەرەوە بـۆ یـاریکردن". واتە سـزادانەکە بە شـێوەی پێـنەدان و بەدینەهێنانی داواکاریەکی منداڵەکە. بەڵام ماوەکەی بە پێی تەمەنی منداڵەکە دیارکراو بێت.

**2. بۆ پەرلەمانی کوردستان**

دەرکردنی یاسایەك لە لایەن پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو کوڕ و کچانەی دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، بە جۆرێك ڕێگە بە هاوسەرگیریان نەدات، تاکو خولێکی ڕاهێنان بۆ ماوەی " 3" مانگ تەوان نەکات لەسەر بابەتەکانی تایبەت بە خێزان و ڕێنمایی پەروەردەی و ئاشنابوونی بە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ.

**لیستی سەرچاوەکان**


- أبو قورة، خليل قطب. (1996) *سيكولوجية العدوان*. القاهرة: مكتبة الشباب.

- أبوأسعد، احمد عبداللطيف. و الختاتنه، سامي محسن. (2014) *سيكولوجية المشكلات الأسرية*. ط2، عمان: دار المسرة للنشر و التوزيع و الطباعة.

- ارامش، محمد. (2013) *بررسي رابطه شيوه هاى فرزند پرورى با خلاقيت و شادكامى در دانش آموزان دوره راهنمايى شهرستان مياندرود*. پايان نامه كارشناى ارشد، مازندران: دانشگاه ازاد اسلامى-واحد سارى، رواشناسى تربيتى.

- ارجايل، ميشل. (1982) *علم النفس و مشكلات الحياة الاجتماعية*. ترجمة: عبدالستار ابراهيم ، القاهيرة: مكتبة مدبولي.

- ارجمندنيا،على اكبر. و ديگران. (2017) *ارزيابى ويژگى هاى روانسنجى مقياس شيوه هاى فرزندپرورى ارجمندنيا*. مجله روانشناسى خانواده، دوره4، شماره9، صص 53-64.

- اعظمي، كيوان. و ديگران. (2017) *رابطه سبک های فرزندپروری والدین و هم نشینی با همسالان بزهکار*. مجله مسائل اجتماعی ایران، سال هفتم ، شماره 1، صص 57-77.

- الجباري، جنار عبدالقادر أحمد. (2012) *العنف الأسري و علاقته بالسلوك العدواني لدى طلبة المرحلة الاعدادية*. كركوك: مجلد جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد السابع، العدد2.

- الجندي، نزيه أحمد. (2010) *التنشئة السوية للأبناء كما يدركها الوالدان في الأسرة العمانية – دراسة ميدانية*. مجلة جامعة دمشق، المجلد 26،العدد الثالث، صص 57-89.

- العلي، رشا محسين الناصر.(2018) *السلوك العدواني لدى تلاميذ مرحلة التعليم الأساسي و علاقته بغياب أحد الوالدين- دراسة ميدانية في مدارس مدينة جرمانا*. رسالة الماجستير، قسم علم الاجتماع، جامعة دمشق.

- الفخراني، خالد ابراهيم. (2015) *أسس تشخيص الاضطرابات السلوكية*. جامعة طنطا.

- انزابى، احد آهنگر. و ديگران. (2011) *رابطه سبك هاى فرزند پرورى والدين با پرخاشگرى نوجوانان شهرستان شبستر*. مجله پژوهش هاى علوم شناختي و رفتارى، سال اول، شماره اول، پياپى (1) صص 1-8.

- بطرس، حافظ بطرس. (2008) *التكيف و الصحة النفسية للطفل*. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع.

- بێرگمان، ڤۆڵڤانگ. (2015) *دەروونناسیی منداڵ و هەرزەکاران- دەروازەیەك بۆ پەروەردەیەکی هاوچەرخ*. و: کامەران چروستانی، چ1، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

- ثلجة، موساوي.(2019-2020) *ممارسة الألعاب الألكترونية و علاقة بالسلوك العدوانية لدى المراهق- دراسة ميدانية بقاعات الألعاب الالكترونية بولاية أم البواقي*. رسالة الماجستير، قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الأجتماعية و الانسانية، جامعة العربي بن مهيدي، أوم البواقي.

- دافيدوف، لندا. ل. (1992) *مدخل علم النفس. ترجمة: محمد عمر و اخيرون، ط3، القاهيرة*: الدار الدولية للنشر و التوزيع.

- دحلان، أحمد محمد عبدالهادي. (2003) *العلاقة بين مشاهدة بعض برامج التلفاز و السلوك لعدواني لدى الأطفال بمحافظات غزة*. رسالة ماجستير، غزة: جامعة الاسامية، كلية التربية.

- دولارد، جون. و اخرون .(1986) "*الحباط و العدوان" في كتاب السيكولوجية العدوان- بحوث في دينامكية العدوان لدى - فرد، الاجماعة، الدولة "فرويد و اخرون*". ترجمة: عبدالكريم ناصيف، ط1، عمان: دار منارات للنشر.

- ديوى، جون. (٢٠١٠) *اعادة بناء في الفلسفة*. ترجمة: أحمد الانصاري، ط1، القاهرة: المركز القومي للترجمة.

- سليم ، بهيجة عثمان احمد .(2018) *السلوك العدواني لدى الأبناء* ، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال. المجلد الرابع، العدد الرابع، صص337-359.

- شرفة، لياس. و بن تروش، عماد. (2017) *المعاملة الوالدية و العنف الاسرية و علاقتها بالسلوك العدواني لدى الشباب- دراسة حالة ميدانية لشاب جزائري*، مجلة العلوم الانسانية، العدد الثامن، الجزء1، صص 198- 212.

- طباطبايى، سيد على. و ديگران. (2015) *بررسى رابطه سبكهاى فرزندپرورى والدين با پيشرفت تحصيلى و اختالل رفتارى دانش آموزان دورة ابتدايى*. فصلنامه خانواده و پژوهش ،شماره 8، صص 7-22.

- غدنز، أنتوني. (2005) *علم الاجتماع*. ترجمة: د. فايز الصياغ، ط1، بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

- غزال، عبدالفتاح على. (2013) *موسوعة التربية الاسرية - الاسرة و التنشئة الاجتماعية*. الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

- فرويد، سيجموند. (1981) *معالم التحليل النفسي*. ترجمة: محمد عثمان نجات، ط5، القاهرة: دار الشروق.

- فرويد، سيجوند. (1982) *الأنا و الهو*. ترجمة: محمد عثمان نجات، ط4، القاهرة: دار الشروق.

- فرويد، سيغموند. (1986) *مختصر التحليل النفسي*. ترجمة: جورج طرابيشي،ط2، بيروت: لدار الطليعة للطباعة و النشر.

- فياض، حسام الدين. (2015) *مفهم التنشئة الاجتماعية و أساليب المعاملة الوالدية-دراسة في علم الاجتماع التربوي*. ط1، الناشر نحوعلم الاجتماع تنويري.

- كفافي، علاءالدين. (2009) *علم النفس الأسري*. ط1، عمان: دار الفكر ناشرون و موزعون.

- مختار، وفيق صفوت. (1999) *مشكلات الأطفال السلوكية-الاسباب و طريق العلاج*. ط1، القاهيرة: دار العلم و الثقافة.

- مصطفى، أسامة فاروق. (2011) *مدخل الى الاضطرابات السلوكية و النفعالية*. ط1، عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع.

- نلسون، ريتا ويكس. و ايزرئل، الن.س. (2019) *روان شناسى مرضى كـود و نوجـوان*. تـرجمه: حسـن فرهـى و فـاطمه قـديرى، چ1، ويراسـت هشـتم، تهـران: انتشارات ارجمند. :

- هاوس، گلێن ستێن. (2009) *کلیلی پەروەردەی منداڵان*. و: عەلی ئەکبەر مەجید، چ1، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- يحيى، خولة أحمد. (2000) *الاضطرابات السلوكية و الانفعالية*. ط1، عمان: دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع.

- Bandura, Albert. (1969) *Social- Learning Theory of Identificatory Processes, From Handbook of Socialization Theory and Research 'David A.Goslin'*. Rand McNally & Company.

- Bandura, Albert. (1973) *Aggression- a Social learning analysis*. New Jersey: e-book 2015 Prentice-Hall, Inc.

- Bandura, Albert. (1977) *Social Learning Theory*. Englewood Cliffs, New Jersey: Prentice- Hall, Inc.

- Bandura, Albert. (1986) *Social Foundations of Thought and Action: A Social Cognitive Theory*. Englewood Cliffs, N.J: Prentice- Hall, Inc.

- Bandura, Albert. And Inesta, Emilio.R. (1979) *Analysis of Delinquency and Aggression*. New Jersey: e-book 2019 Prentice-Hall, Inc.

- Baumrind, D. (1971*) Current patterns of parental authority*. Developmental Psychology Monographs Vol. 4, pp.103.

- Bushman, Bard. J. (2017) *Aggression and Violence: A Social Psychological Perspective*. E[1], New York: Routledge.

- Cruz, De La Torre. (2014*) Relationship between Parenting Styles and Aggressiveness in Adolescents*. Electronic Journal of Research in Educational Psychology, 12(1), ISSN: 1696-2095, No. 32, Pp.147-170.

- Guastello, Denise. D. and other. (2014*) Parenting Style and Generatively Measured in College Students and Their Parents*. SAGE Open, pp.1-9.

- Maciver, R. M. & Page, Charles. H. (1959*) Society an Introductory Analysis*. E5, London: Macmillan & Co Ltd.

- Myers, David .G. (2012) *Exploring Psychology*.E9, the United States of America: Worth Publishers: Macmillan.

- Myrick, Amie.C. (2017) *Engaging Parents in Adolescent Therapy- Beyond the Waiting Room*. New York: Rowman & littlefeld.

- Ogburn, W. F & Nimkoff, M. F. (1964*) A Hand Book Of Sociology*. E[5], London.

- Ramirez, J. Martin. (1996) *Aggression: causes and functions*. Journal of Hiroshima Forum for Psychology, 17, pp38- 42.

- Rizzuto, Ana-Maria. and other. (1993) *A revised theory of aggression*. Psychoanalytic Review, Journal of APA Psycinfo, 80(1), pp29-54.

- Samuel, W. (1981) *Personality Searching for the Sources of Human Behavior McGraw –Hill*. England: International Book, Company.

- Sinclair, Parvin. (2014*) Basics Education Textbook for B.Ed. Course*. New Delhi: National Council of Educational Research and Training.

**أساليب التربية الأسرية و علاقتها بالسلوك العدواني لدى طلبة مرحلة الأعدادية (بحث ميداني في قضاء رانيه)**

**داستان عمر محمود** **جوان اسماعيل بكر خوشناو**
قسم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل
dastan.omer@uor.edu.krdq Jwan.bakr@su.edu.krd

**ملخص**

ان أساليب التربية الأسرية تعد من الجوانب التي لا تظهر تأثيراتها و نتائجها مبكرا، بمعنى أن الأساليب التربوية التي يتبعها الوالدان في معاملة أبنائهم لاتظهر تأثيراتها و نتائجها على الطفل في مراحله المبكرة، بل تظهر في مراحل متقدمة نسبياً على شكل سلوكيات كمرحلة المراهقة و ما بعدها، وتنعكس تلك الأساليب التربوية الأسرية في سلوك المراهقين خصوصا بصورة مباشرة و غير مباشرة كشكل من اشكال السلوك العدواني لديهم ، وعلى ضوء ذلك تم تحديد عدة اهداف اهمها، ايجاد العلاقة بين أساليب التربية الأسريه و أنواع السلوك العدواني، وبهدف تحليل اهداف البحث قام الباحثان حيث تم الاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي لتحليل النتائج، أما أداة البحث فقد تكون من مقياس تم بناؤه من قبل الباحثين لأغراض هذا البحث مؤلف من مقياس أساليب التربية الأسرية الذي يتكون من (38) فقرة و من مقياس السلوك العدواني المكون من (26) فقرة ، وبلغ حجم عينة البحث (400) وحدة سحبت بأسلوب العينة العشوائية الطبقية مقسمة على (112) الأناث و (188) من الذكور تم اختيارهم من مدارس المرحلة الأعداديه في مركز قضاء رانيه. و تم الاستعانة بالحقيبة الاحصائية للعلوم الاجتماعية (Spss) و برنامج(Amos) لتحليل المسار.

و من اهم النتائج التى تم التوصل إليها هي : تم اتباع الأسلوب التربوي (الديموقراطي و الحماية الزائدة) بنسبة اكثر مع الأناث. بينما تم اتباع اسلوب تربوي يتميز( التسلط، التمييز , الأهمال ، العقاب البدني) مع الذكور .و ان السلوك العدواني (البدنى و اللفظي) كان اكثر انتشارا لدى الذكور مقارنة بالأناث، ولم يكن هذا الفرق يوجد دالاً احصائيا في السلوك العدواني الموجه (نحوالذات)، كذلك اظهرت النتائج وجود أن علاقة طردية مع كل من اسلوبي (التسلط و التمييز) مع ظهور العدوان نحو الذات. و علاقة طردية في اسلوب (العقاب البدني) في التربيه وظهور سلوك العدوان اللفظي لدى المراهقين. كذلك ان متغير الجنس احدث تغيرا في العلاقة فيا بين (المتغير المستقل و بمتغير المتبوع). حيث ان اسلوب التربيه (التسلطي) ادى الى ظهور السلوك العدواني اللفظى لدى الذكور ولكن لم يظهر هذا النوع من السلوك لدى الأناث. كذلك ان اساليب (التمييز والعقاب البدني ) مع الذكور ادى إلى تنمية السلوك العدوانى البدني لديهم ولكن لم يظهر هذا التأثر لدى الأناث.

**الكلمات المفتاحية:** التربية الأسرية، السلوك، العدوان، طلبة المرحلة الأعداديه.

**Family Educational Style and its Relationship to Aggressive Behavior among High School Students (It is a Field Research in Ranya)**

**Dastan Omer Mahmood** **Juan Ismail Bakr**
College of Arts, Department of Sociology, Salahaddin University-Erbil
dastan.omer@uor.edu.krdq Jwan.bakr@su.edu.krd

**Abstract**

Family educational practices are one of the issues whose effects and consequences are not immediately apparent. That is, the parental educational style may not have an immediate effect on the child, but it may have effects and consequences during adolescence or youth. Consequently, family educational patterns directly and indirectly determine individual behavior patterns, including aggressive behaviors. The main objective of the study is to find the relationship between family parenting styles with aggressive behavior patterns. The researcher also used the descriptive analytical method to analyze the objectives. For this purpose, he prepared a form that consisted of 38 items for family education and 26 items for aggressive behavior. Meanwhile, a random sample of 400 high school students in Ranya, including) 212) males and (188) females, was selected. The researcher used both SPSS and AMOS statistical programs.

The most significant findings of this study are that females are more likely to be treated with "democratic and overprotective - pampering" education methods, while males are more likely to be treated with "coercive, discriminatory, neglectful, corporal punishment" methods. Aggressive behavior “physical and verbal” was also more common in males than females. However, this distinction does not exist with regard to aggressive behavior. Each of these methods (coercive and discriminatory) has directly led to self-aggressive behavior. While the method of education (corporal punishment) directly led to the emergence of verbal aggressive behavior. The gender variable has changed the "relationship of the independent variable to the suffix" In a sense; the (coercive) educational style has led to the emergence of verbal aggressive behavior in males, but not in females. Methods (discrimination, physical and punishment) also led to physical aggressive behavior in males, but not in females.

**Keywords:** Family Educational, Behavior, Aggressive, High School Students.